حوکمەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سۆران_فاکەلتی ئاداب

بەشی کۆمەڵناسی

قۆناغی چوارەم/ ئێواران

ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقییەکان: باخچەی منداڵانی سۆران بە نموونە

ئەم توێژینەوەیە وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، لە زانکۆی سۆران، پێشکەش بە سەرۆکایەتی بەشی کۆمەڵناسی کراوە.

قوتابی:

عوسمان فرحان سمایل

سەرپەرشتیار:

د. سعید قادر فەقێ ابراهیم

٢٠٢٣-٢٠٢٤ز

بڕیاری سەرپەرشتیار

دان بەوەدا دەنێم ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆلی باخچەی منداڵان لە فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقییەکا: باخچەی منداڵانی سۆران بە نمونە) توێژینەوەییکی تیۆرییە لە بەشی کۆمەڵناسی _ فاکەڵتی ئاداب زانکۆی سۆران. توێژینەوەکە ئامادەکراوە لە لایەن قوتابی (عوسمان فرحان سمایل) بەسەرپەرشتی من وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.

واژوو:

ناوی سەرپەرشتیار:

د. سعید قادر فەقێ ابراهیم

ڕێکەوت:

/ / ٢٠٢٤

ڕاسپاردەی بەشی کۆمەڵناسی

پاڵپشت بەڕاسپاردەی سەرپەرشتیاری ئەم توێژینەوەییە هەلدەبژێرم بۆ گفتوگۆکردن.

واژوو:

ناو:

ڕێکەوت:

/ / ٢٠٢٤

واژۆی لیژنه

ئێمه وەک سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ ، چاومان خشاند بەم توێژینەوەیە کەبەناونیشانی (ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقییەکان: باخچەی منداڵانی سۆران بە نمونە) توێژینەوەیەکی تیۆرییە لەبەشی کۆمەڵناسی- فاکەلتی ئاداب- زانکۆی سۆران. کە لەلایەن قوتابی **(عوسمان فرحان سمایل)** ئامادەکراوە. گفتوگۆمانکرد لەگەل قوتابی ناوبراو لەسەر ناوەرۆک و لایەنەکانی تر کەپەیوەندی بەم توێژینەوەییە هەیە ، بڕیارماندا بە..... ئەم توێژینەوەیە بەپلەی..... .

ناو:	**ناو:**	**ناو:**
سەرۆکی لیژنه	ئەندامی لیژنه	ئەندامی لیژنه
/ / ٢٠٢٤	/ / ٢٠٢٤	/ / ٢٠٢٤

خشتەی ناوەڕۆک

١. بەشی یەکەم:..... 1

١.١ پوختە:..... 1

٢.١ پێشەکی:..... 2

٣.١ کێشەی توێژینەوە:..... 4

٤.١ ئامانجی توێژینەوە:..... 5

٥.١ گرنگی توێژینەوە:..... 6

٢. بەشی دووەم: پێداچوونەوە بە دەق و توێژینەوەکانی پێشوو..... 7

١.٢ باخچەی منداڵان:..... 7

٣.٢ چەمکی ئەخلاق:..... 8

٤.٢ ڕۆڵی مامۆستایان لە چاندنی بەها ئەخلاقییەکان:..... 9

٥.٢ ڕۆڵی یاساکانی باخچە لە چاندنی ئەخڵاق:..... 10

٦.٢ تیۆری توێژینەوە:..... 11

٣. بەشی سێیەم: میتۆدۆلۆژیا..... 13

١.٣ میتۆدی چۆنایەتی:..... 13

٢.٣ کۆکردنەوەی داتاکان..... 14

٣.٣ شیکردنەوەی داتاکان..... 16

٤. بەشی چوارەم: ئەنجام و گفتوگۆ..... 17

١.٤ باخچەی منداڵان و ڕۆڵی لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکان..... 17

٥. بەشی پێنجەم: دەرئەنجام و پێشنیار..... 25

١.٥ دەرئەنجام..... 25

٢.٥ پێشنیار و ڕاسپاردەکان:..... 27

سەرچاوەکان..... 28

پاشکۆکان:..... 31

١. بەشی یەکەم:

١.١ پوختە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵی باخچەی منداڵانە لە فێرکردنی منداڵانی بچوک بە بەها ئەخلاقیەکان. بۆ ئەم مەبەستە ڕوانگەی تیۆری ئیمیل دۆرکایم لەمەڕ چەمکی ئەخلاق بەکارهاتووە. هەروەها دیدی فردریچ فرۆبێڵ دامەزرێنەری بیرۆکەی باخچەی منداڵان، بۆ ژینگەی باخچە و کاریگەریەکانی بەسەر بیر و هزری منداڵان سودی لێ وەرگیراوە. میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە. لەم توێژینەوەیە سود لە میتۆدی چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو وەرگیراوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەش شاری سۆرانە. نمونەی توێژینەوەکە مەبەستدارە، سێ مامۆستای پسپۆڕی تایبەت بە باخچە وەرگیراون. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ ڕوونەدەکاتەوە کە منداڵ لە باخچە وەک نەمامێک وایە کە شێوازی پەروەردە کردنەکەی کاریگەری بەسەر ڕوانینی منداڵان بۆ دیاریکردنی ڕاست و هەڵە و دیاریکردنی داهاتوی کەسایەتی تاکەکانەوە هەیە. مامۆستایان لە ڕێی یاریکردنی بەکۆمەڵ، چیرۆک، ڤیدیۆ ...هتد. هەروەها یاساکان بە ڕونکردنەوەی ماناکانی پشتەوەیان بۆ منداڵان، ئەو بەها دینیانەشی کە سودیان بۆ چاکەی گشتی کۆمەڵگا هەیە. دەتوانن منداڵان بە بەها ئەخلاقییە بەرزەکان پەروەردە بکەن.

٢.١ پێشەکی:

باخچەی منداڵان وەک پردێکی پەڕینەوە بۆ گەشەکردنی ئەخلاقی کاردەکات. منداڵان لەوێوە بنەما ئەخلاقیەکان فێردەبن و دواتر بەرهەمەکەی لە تەمەنەکانی تر لەناو کۆمەڵگا دەبینینەوە. بەمەش باخچەی منداڵان وەکو کێڵگەی ناشتنی نەمام و پەروەردەکردنی وایە کە دواتر بەرەکەی سود دەگەیێنێت. منداڵان لە تەمەنی باخچە بەتامەزرۆییەوە بەدوای دڵخۆشبوون و فێربونی شتی نوێوەن، ئەمەش وایان لێدەکات وەرگرێکی باشبن بۆ وانەکان سەبارەت بە فێربونی هەڵبژرادنی ڕاست و هەڵە. لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان و چاودێریکردنی ئەم بارودۆخە لە لایەن مامۆستایان، بەژداریکردنیان لە کارلێکی نێوان منداڵان بە شێوەیێکی ئەرێنی، منداڵانی باخچە شتی نوێ ئەزمون دەکەن لە هاوڕێیەتی، هاوبەشیکردن و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. ئەم ئەزمونە یارمەتی منداڵان دەدات لە دادپەروەری، ڕێزگررتن و هاوکاری یێکتری تێبگەن.

ڕەنگە زۆر ڕێگا و ڕەهەندی جیاواز بۆ فێرکردنی منداڵ بە بەها ئەخلاقییەکان هەبن. لەوانە لە ڕێگەی یاریکردن، ڤیدیۆ، چیرۆک، شانۆ و ئەو یاسایانەی کە لە باخچەی منداڵان پەیڕەوە دەکرێن لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن. یاریکردنی بەکۆمەڵ منداڵان هاندەدات لەیێکتری تێبگەن و هاوکاری یێکتری بکەن. نۆرەگرتن بۆ یاریەکان منداڵان فێری ڕێزگرتن لە کەسانیتر و نرخ دانان بۆ یێکتری دەکات. ڕونکردنەوەی کاریگەریەکانی خۆشویستن و ڕێزگرتنی کەسانیتر لەڕێی ڤیدیۆ، شانۆ و چیرۆک..هتد. منداڵان هاندەدات ئەم بەها ئەخلاقییە بەرزانە لە ژیانی خۆیان ئەدا بکەن (Tikkanen, 2015). لەگەڵ ئەوەشدا یاسا سادەکانی باخچە منداڵان فێری ڕێزگرتن لە کەسانیتر و هاوڕۆلەکانیان دەکەن. ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ئەو نیگەرانیانەی کە دەکرێت لە پەیڕەوکردنی یاساکان بێنە پێشەوە، وەک ترس لە سزاکان لەلایەن منداڵانەوە، بۆیە دەبێت مانای پشت ئەم یاسایانە بە شێوازی جۆراوجۆر ڕوون بکرێنەوە (Anon., 2022).

بابەتێکیتر کە لە پەروەردەکردنی منداڵان بەکارهاتوە ئەویش بەکارهێنانی ئەو بەها دینیانەیە کە سودیان بۆ بەرەوپێش بردنی بنەما ئەخلاقیە گشتیەکان هەیە، لە پێناو چاکەی گشتی. منداڵان بە هێز و کاریگەری دینەوە دەکرێت پابەند بکرێن بە پەیڕەوکردنی کۆمەڵێک بەهای ئەخلاقی کە سودی بۆ گشتی کۆمەڵگا هەبێت (Carls, 2020).

ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەش پێکهاتووە لە بەشی یەکەم پێشەکی، کێشەی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە و گرنگی توێژینەوە باسکراون. لە بەشی دووەم کە پێداچونەوەیە بە دەق و توێژینەوەکانی پێشوو هەرییک لە بابەتەکانی باخچەی منداڵان، چەمکی ئەخلاق، ڕۆڵی مامۆستایان لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکان، ڕۆڵی یاساکانی باخچە لە چاندنی ئەخڵاق و هەروەها تیۆری توێژینەوە باسکراون. بەشی سێیەم میتۆدۆلۆژیا پێکدێت لەم بابەتانە میتۆدی چۆنایەتی، کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەی داتاکان. بەشی چوارەمیش کە ئەنجام و گفتوگۆیە بابەتی باخچەی منداڵان و ڕۆڵی لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکان لەخۆدەگرێت. هەرچی بەشی پێنجەمیشە پێکدێت لە دەرئەنجام و پێشنیارەکان. هەروەها بەشی شەشەم پاشکۆکان لەخۆ دەگرێت.

٣.١ کێشەی توێژینەوە:

لە کۆمەڵگەی باشوری کوردستان بەتایبەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەگشتی، دەتوانین بڵێین دونیا بینی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ چەمکی ئەخلاق زۆر بەرتەسک و ڕوکەشانەیە، ئەمەش ڕەنگە زۆر جار پەیوەندی بە لاوازی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە هەبێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی پێناسەیەکی بەر تەسک بۆ ئەخلاق بکرێت. بۆیە دەکرێت بوترێت ئەو پێناسەیەی کۆمەڵگە بۆ چەمکی ئەخلاق لە زۆرباردا ڕوانگەیێکی گشتگیری هەیە و دەیبەستنەوە بە کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژە کە فرە مانا و بەرفراوانن. ئەمەش بە واتای ئەوەی کە ئەخڵاق وا وێنا دەکەن، کە بریتیی بێت لە داوێن پاکی یاخود شەرەف، کە ئەمە گوتاریکی گشتی کۆمەڵگەیە کە بەکاردەهێنرێن بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ئەخلاق. بۆیە ئەم تێگەیشتنە ڕەنگە دورمان خاتەوە لە جەوهەر و ناوەڕۆکی چەمکی ئەخلاق. لێ لەگەڵ ئەمشدا ئەم تێگەیشتنەش تەنها پیشاندان و ڕازاندنەوەی ڕوخساری بابەتەکەیە و شاردنەوەی ڕۆحییەتیەتی (Fatah, 2021).

دەشێت بوترێت کە دامەزراوە فەرمییەکان بۆ نموونە باخچەکانی منداڵان ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێرن لە بونیادنان و فێرکردنی تاکێک بە بنەما ئەخلاقیەکان، هەروەها لە بەرفراوانکردنی دونیابینی و تێگەیشتنی تاک لە بنەماکانی ئەخلاق. لێ لەگەڵ ئەمەشدا فێرکردنی تاک بە بنەما ئەخلاقییەکان گرنگی زۆریان بۆ تاک و کۆمەڵگە هەیە، چونکە بەها ئەخلاقیەکان لە پاڵ ئەوەی بۆ بونیادنانی کەسایەتیکی بەهێز و سەربەخۆ و گونجاو لەگەڵ ئەوانی تر لە لای منداڵ سازدەکەن، وێڕای ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆڵیان هەبێت لە بەدیهێنانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتیی تاکەکان لەناو کۆمەڵگەدا و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر باشترکردنی کوالیتی ژیانی مرۆڤدا هەیە (Aljathlan, 2023).

لەسەر ئەو بنەمایەی سەرەوە لە کێشەی توێژینەوە، تیشک دەخەینە سەر ڕۆڵی باخچەی منداڵان وەک کۆمەڵگەی مامۆستا و قوتابی، لە فێرکردنی منداڵان بە بەها و بنەما ئەخلاقیەکان، چونکە لەو کۆمەڵگەیە کە مەبەستمان باخچەی منداڵانە ڕۆڵی مامۆستایان لە داڕشتنی گەشەی ئەخلاقی منداڵان زۆر لەوە زیاترە کە تەنها گواستنەوەی زانیاری بێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەگەڕێت:

١. پەروەردەی باخچەی منداڵان چۆن بەشدارە لە گەشەکردنی بەها ئەخلاقییەکان لە منداڵانی بچووکدا؟

٢. مامۆستایانی باخچەی منداڵان چۆن بەها ئەخلاقییەکان فێری منداڵانی بچووک دەکەن؟

٤.١ ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئاشکراکردنی کاریگەری ئەزموونەکانی باخچەی منداڵانە لەسەر گەشەکردنی ئەخلاقی لە لایەن منداڵانەوە وە دەرخستنی ڕۆڵی مامۆستایان و ژینگەی باخچەی منداڵانە لە فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقیەکان.

٥.١ گرنگی توێژینەوە:

گەشەی ئەخلاقی سەرەتایی، کاریگەرییەکی بەردەوامی لەسەر ڕەفتاری تاکەکان هەیە بە درێژایی ژیان. ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی لە کاریگەری ئەزموونەکانی باخچەی منداڵان لەسەر هەڵبژاردنی داهاتووی منداڵان و کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکە تێبگەین. باخچەی منداڵان پەنجەرەیەکی چارەنووسسازە بۆ دانانی بناغەیەکی بەهێزی بنەما ئەخلاقیەکان. توێژینەوەکە یارمەتیدەرمانە بۆ زانینی ڕۆلی ئەزموونەکانی باخچەی منداڵان و مامۆستایان کاریگەریان لەسەر چاندنی بنەما ئەخلاقییەکان لە منداڵاندا.

هەروەها توێژینەوەکە ئەوە دەخاتەڕوو کە چ شێوازێکی فێرکردن گونجاوە بۆ پێشخستنی بەها ئەخلاقییەکان لە باخچەی منداڵان. ئەمەش بەرچاوڕوونی بە پەروەردەکاران دەدات کە ڕێگا و ڕێبازە زانستیە سەلمێندراوەکان پەیڕەوبکەن.

٢. بەشی دووەم: پێداچوونەوە بە دەق و توێژینەوەکانی پێشوو

١.٢ باخچەی منداڵان:

باخچەی منداڵان یەکەم ساڵی خوێندنی فەرمییە بۆ زۆربەی منداڵان، بە شێوەیەکی گشتی لە دەوروبەری تەمەنی پێنج ساڵییەوە دەست پێدەکات، قۆناغێکە تێیدا منداڵان فێری کارامەیی کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی دەبن لە ڕێگەی فێربوون لەسەر بنەمای یاریکردنەوە (Anwar, 2021). لە ساڵی ١٨٣٧ یەکەم باخچەی منداڵان لە شاری بلانکنبێرگی ئەڵمانیا کرایەوە چەند دەیەیێک دوای ئەمە لە سەرانسەری ئەورووپا بە تایبەتی لە ئەڵمانیا و سویسرا بە دەرکەوتن. یاریکردنی منداڵان لە چوارچێوەی تەنها چالاکییێکی چێژ بەخش دەرهێنرا و بەرگی پەروەردەکردنی بەبەردا‌کرا. باخچەی منداڵان لە ڕێگەی یاری کردن و گۆرانی و چیرۆک و گەڕان بەناو سروشتدا منداڵانی پەروەردە دەکرد. ئەمەش بە پەرەپێدانی گەشەکردنی هزری منداڵان لەڕێی ئەو چالاکیانەوە، بەجۆرێک کە یاریکردن بەیێکەوە و گۆرانی گوتن و بونیاتنان بە شێوازی یاریکردن گیانی هاوکاری و لێک تێگەیشتن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە منداڵاندا دەچێنن ئەمانەش بنەمای ئەخلاقی گرینگن چونکە بناغەیەکی بەهێز بۆ گەشەسەندنی ئەخلاقی دروست دەکەن. منداڵان بە فێربوونی هاوکاری و هاوسۆزی و لێک تێگەیشتن، پاڵنەری بەهێزیان بۆ دروست دەبێت بۆ بڕیاردانی ئەخلاقی و دەبنە ئەندامی بەرپرسیار لە پێناو چاکەی گشتی کۆمەڵگادا (Tikkanen, 2015).

لە هەرێمی کوردستان، یەکەم باخچەی منداڵان لە ساڵی ١٩٥٣– ١٩٥٤ لە شاری سلێمانی کرایەوە بەناوی باخچەی منداڵانی سلێمانی. وێرای ئەمەش ئێستا لە لە هەرێمی کوردستان باخچەی منداڵانی گشتی و تایبەت هەیە. منداڵان فێری خوێندنەوە و نوسین دەکرێن و فێری گوێگرتن و قسەکردن لەگەڵ کەسانی تر دەکرێن. هەندێک ڕوداوی گرنگی میژویی و سیمبولە نەتەوایەتیەکان و زانیاری لەسەر ژینگەی دەوروبەر فێر دەکرێن. گۆرانی گوتن بەیێکەوە، و کار و چالاکی هەرەوەزی ئەمەش هاوسۆزی بنیاتدەنێ وە هەندێ شتی سەرەتایی بیرکاری فێردەکرێن ئەمەش هانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەدات. ئەم چالاکییانە هەموویان بناغەیەکی بەهێز بۆ پەروەردەیێکی ئەخلاقی دروست دەکەن. بە گوێگرتن و قسەکردن، دیدگای جیاواز و کاریگەریی کردارەکانمان لەسەر ئەوانی تر تێدەگەین. گۆرانی وتن و یاریکردن پێکەوە هاوسۆزی و هاوکاری بونیاد دەنێت، لەگەڵ فێربوونی هاوئاهەنگی و گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش. پێکەوە کارکردن فێری دادپەروەری و بەرپرسیارێتی و گرنگی ڕەچاوکردنی پێداویستییەکانی ئەوانیترمان دەکات. هەموو ئەم ئەزموونانە یارمەتیدەرمانە بۆ پەرەپێدانی هەستکردن بە ڕاست و هەڵە لەسەر بنەمای تێگەیشتن و گرنگیدان بە کەسانی دەوروبەرمان (Anwar, 2021).

٣.٢ چەمکی ئەخلاق:

ئەخلاق ئاماژەیە بۆ ئەو پێوەرانەی کە مرۆڤەکان لەڕێیاندا دەتوانن بەیێکەوە هەڵبکەن و بژین، لەڕێیەوە ڕاست و هەڵە دەستنیشان بکەن. ئەخلاق چوارچێوەیێک لە بەها و بنەماکان دابین دەکات کە پێناسەی ئەوە دەکات چ کرداریک بە ڕاست یان هەڵە دادەنرێت. ئەم بنەمایانە ڕەفتار و کردارەکانمان ڕێنمایی دەکەن. هەندێک جار، مامەڵەکردن بەشێوەیێکی ئەخلاقی بەو مانایەیە کە تاکەکان دەبێت بەرژەوەندییە کورتخایەنەکانی خۆیان بکەنە قوربانی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا بۆ ئەوەی سود بە کۆمەڵگا بگەیێنن. ئەو کەسانەی کە پێچەوانەی ئەم پێوەرانە دەڕۆن ڕەنگە بە بێ ئەخلاقی هەژمار بکرێن (Loggins, 2023).

بنەما ئەخلاقیەکان بەپێی نۆرم و بەها کلتوریەکان جیاوازن. ئەوەی لە کۆمەڵگایەکدا بە ئەخلاقی دادەنرێ، ڕەنگە لە کۆمەڵگایێکی دیکە جیاواز بێت. هەندێک لەو پرسانەشی بە بنەمای ئەخلاقی سەیر دەکرێن، دەکرێ بەپێی تێپەڕبونی کات گۆڕانکاریان بەسەردابێت. فەیلەسووفەکان چەندین سەدە مشتومڕیان لەسەر بناغەی ئەخلاق کردووە. هەنێدک پێیان وایە لە ئاین یان نۆرمەکانی کۆمەڵگاوە هاتووە، هەندێکیتریش بانگەشە بۆ بنەما ئەخلاقییە گشتگیرەکان دەکەن کە لەسەر بنەمای عەقلانیەت یان سروشتی مرۆڤەوە دامەزراون کە مرۆڤ لە سورشتەوە بونەوەرێکی کۆمەلایەتیە ئەم ئەخلاقەش بەهۆی کۆمەلایەتی بونی مرۆڤەوە دێتە بوون (Amy Morin, 2023).

ئەخلاق، وەک بناغەی کارەکتەری باش، دەتوانرێت لە تەمەنی بچووکەوە لە منداڵاندا بچێنرێت. لە کتێبی وێنەییەوە کە کارەکتەرەکان ڕووبەڕووی هەڵبژاردنی سەخت دەبنەوە تا دەگاتە چیرۆک و گۆرانی وتن و یاریکردن، مامۆستایان دەتوانن ئەخلاق ببەستنەوە بە ژیانی ڕۆژانە، لە پەروەردەکردنی منداڵاندا ڕەنگ بداتەوە. بە باسکردنی کاریگەریەکانی کرداریەکان، دانانی یاسای ڕوون کە سەرنجیان لەسەر دادپەروەری بێت، تێکەڵکردنی بەها ئەخلاقییەکان بە چالاکیەکانی منداڵان. منداڵان فێردەبن کە ڕاست و هەڵە بناسنەوە، ئەمەش بناغەیەک بۆ پەروەردەی ئەخلاقی بەهێز دروست دەکات (Ghazipuri, 2023).

٤.٢ ڕۆڵی مامۆستایان لە چاندنی بەها ئەخلاقییەکان:

چەمکی ئەخلاق بەهۆی پەروەردە و ڕوانینی کەسیەوە لە قالب دەدرێت. ڕوانینە کەسیەکان کاریگەری لەسەر شێوەگرتنی چوارچێوە ئەخلاقیەکان دادەنێن بیرۆکەی ئێمە بۆ ڕاست و هەڵە و دیاریکردنی بەها ئەخلاقیەکان لە چوارچێوەییکی کۆنکرێتی دانەنراوە.پەروەردە بنەما ئەخلاقییەکانمان فێر دەکات. لە هەمانکاتدا ئەزموون و بیروباوەڕەکانی خۆشمان چۆنیەتی دونیابینینمان لە قاڵب دەدەن، واتا پەیوەندیەکە دوو سەرەیە (Alderson, 2014).

ئەم تێکەڵەیە لە فێربوون و هەستی کەسی نەزمی ئەخلاقی پێکدەهێنن. هەربۆیە مامۆستایان ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە دارشتنی گەشەی ئەخلاقی منداڵان شانبەشانی دایک و باوک و کۆمەڵگا. منداڵان بە چاودێریکردن و لاساییکردنەوە فێر دەبن. ئەو مامۆستایانەی کە ڕاستگۆیی و میهرەبانی و دادپەروەری و ڕێزگرتن بەرجەستە دەکەن کاریگەرییەکی بەردەوام بەجێدەهێڵن. ڕەفتارەکانیان کاریگەری لەسەر ژینگەی پۆلەکە دادەنێن. مامۆستایان دەتوانن ڕێنمایی خوێندکاران بکەن بە ئاراستەی پەرەپێدانی بنەما ئەخلاقییەکان، دەتوانن سیناریۆ بخەنە ڕوو و هاندەری گفتوگۆ بن سەبارەت بە ڕاست و هەڵە، بە لەبەرچاوگرتنی دیدگا و دەرئەنجامە جیاوازەکان. بە پەروەردەکردنی کارامەیی کۆمەڵایەتی و سۆزداری وەک هاوسۆزی، هاوکاری و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، مامۆستایان خوێندکاران هاندەدەن کە بێکتری قەبوووڵ بکەن توانای هەڵکردن و کاری پێکەوەییان هەبێت. لە ڕێگەی گفتوگۆ و چالاکییەکانی پۆلەوە، مامۆستایان دەتوانن یارمەتی خوێندکاران بدەن هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و بەزەیی و دادپەروەری پەرەپێبدەن، ئەمەش سیمای ئەخلاقییان بنیات دەنێت. دەتوانن هانی خوێندکاران بدەن بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە پرسە ئەخلاقییەکان. ئەمانەش یارمەتیان دەدەن لە یاسا سادەکانەوە بەرەو تێگەیشتنی ئەخلاقی ئاڵۆزتر پێشبکەون (Aimen, 2023).

ڕۆڵی مامۆستایان گرنگە چونکە لە چوارچێوە نەریتیەکەی پەروەردە دەردەچێت و بەرگێکی فەرمی و سیستەماتیکی دەبێت. بۆیە مامۆستایان هەر کارو کردەوەییک و گوفتارێک و ڕەفتارێک کە دەینوێن دەبێت هەڵیسەنگێنن و بیخەنە بەر بیرکردنەوەییکی ڕەخنەگرانە بۆ ئەوەی بزاندرێت کاریگەری ئەم ڕەفتارانەی مامۆستا بەسەر منداڵانەوە سودبەخش دەبێت بۆیان یاخود بەپێچەوانەوە. بۆیە مامۆستایان دەبێت هەم گوفتار و کردەوەی خۆیان چاودێری بکەن هەم چاودێریش بن بەسەر منداڵانەوە بۆ ئەوەی کاریگەری و بەشداریکردنیان لە ژیان و کارلێکی نێوان منداڵان بە ئاراستەی چاکسازیکردن و چاندنی بەها ئەخلاقییەکان بێت (Ghazipuri, 2023).

٥.٢ ڕۆڵی یاساکانی باخچە لە چاندنی ئەخلاق:

یاسا و ئەخلاق بۆ ڕێکخستنی ڕەفتارەکانن لە کۆمەڵگەیەکدا بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە هاوئاهەنگی بژین. هەردووکیان بنەمایەکی پتەویان هەیە لەو چەمکەدا کە پێویستە هەموو کەسێک سەربەخۆیی هەبێت و ڕێز لە یەکتر بگرین. بیرمەندانی یاسایی پەیوەندی نێوان یاسا و ئەخلاق بە شێوەیەکی جیاواز لێکدەدەنەوە. هەندێک دەڵێن یاسا و ئەخلاق سەربەخۆن. ئەمەش بەو مانایەیە کە یاساکان ناتوانرێت پشتگوێ بخرێن تەنها لەبەر ئەوەی لە ڕووی ئەخلاقییەوە بەرگرییان لێناکرێت. هەندێکی تر پێیان وایە یاسا و ئەخلاق وابەستەی یەکترن. ئەم بیرمەندانە پێیان وایە ئەو یاسایانەی کە بانگەشەی ڕێکخستنی چاوەڕوانییە ڕەفتارییەکان دەکەن، دەبێت لەگەڵ نۆرمەکانی ئەخلاقیدا هاوئاهەنگ بن. بۆیە دەبێت هەموو یاساکان خۆشگوزەرانی تاک مسۆگەر بکەن و لە شوێنی خۆیان بن بۆ چاکەی کۆمەڵگا (Amy Morin, 2023).

یاسا سادەکانی باخچە دەتوانن منداڵان ڕابهێنن لەسەر پەیڕەوکردنی بەها ئەخلاقییەکان، بنەماییێکی ڕوون بۆ ڕەفتارکردنی باش لە پۆلدا دابین دەکەن. بۆ نموونە یاسایەکی وەک "دەست بەرزبکەرەوە بۆ ئەوەی قسە بکەیت" منداڵان فێری نۆرەگرتن و ڕێزگرتن دەکات. پاک ڕاگرتنی پۆڵ و ژینگەی باخچە منداڵان فێری ڕێزگرتن لە ژینگە دەکات، فێری ئەوەیاندەکات ژینگە بۆ هەمووانە و دەبێت بە هەمووان و هاوکاری بێکتری بپارێزن. دەرئەنجامەکانی شکاندنی یاساکان دەتوانن هۆکارێک بن بۆ فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقییەکان. وەک سزادان لەکاتی پشتگوێخستنی پاکوخاوێنی پۆڵ. لە هەمووی گرنگتر یاساکانی باخچەی منداڵان دەتوانن ڕێزگرتن لە مامۆستایان پەروەردە بکەن، کە ئەمەش دەکرێت ببێتە بناغەیەک بۆ ڕێزگرتن لە دایک و باوک و کەسایەتییەکانی دیکە. بەڵام تەنها یاساکانی باخچەی منداڵان بەس نین. لەوانەیە منداڵێک دەستی بەرز بکاتەوە چونکە ناچارە، نەک لەبەر ئەوەی تێدەگات کە بۆچی قسە بڕین بێ ئەدەبییە. لێرەدایە کە مامۆستایان دێنە ناوەوە، بە ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی پشت یاساکان "دەستمان بەرز دەکەینەوە بۆ ئەوەی هەمووان دەرفەتی قسەکردنیان بۆ بڕەخسێت" مامۆستایان یاساکان بە بەها گرنگەکانی وەک دادپەروەری و میهرەبانی دەبەستنەوە. هەروەها منداڵان بە سەیرکردنی گەورەکان فێر دەبن. ئەگەر مامۆستایەک بە ڕێز و هاوسۆزی مامەڵە لەگەڵ خوێندکاران بکات، ئەوە پەیامی ئەرێنی پشت یاساکان بەهێز دەکات. بە کورتی یاساکانی باخچەی منداڵان پردێکی پەڕینەوەن، بەڵام ڕێنمایی مامۆستا و ڕەفتاری ئەرێنی ئەو بنەمایانەن کە بەڕاستی یارمەتی منداڵان دەدەن ئەو بەها ئەخلاقیانە لەناواغنی خۆیاندا بچەسپێنن کە ئەو یاسایانە نوێنەرایەتیان دەکەن (Anon., 2022).

٦.٢ تیۆری توێژینەوە:

ئیمیل دۆرکایم ساڵی ١٨٥٨ لەدایک بووە کۆمەڵناسێکی فەرەنسی بوو کە بە کەسایەتی دامەزرێنەر لەو بوارەدا دادەنرێت لە ساڵی ١٩١٧ کۆچی دوایی کردووە.

دۆرکایم بە پێچەوانەی بۆچوونە نەریتییەکان کە ئەخلاق وەک شتێکی سروشتی تاکەکان یان ئایین دەبینن، دەیگوت ئەخلاق بەرهەمی خودی کۆمەڵگایە، واتا لە یەکانگیری و بەیێکەوەبونی مرۆڤەکان دێتە بوون. لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان، دۆرکایم گۆڕانکاری لە هاوەدەنگی میکانیکییەوە بینی، کە لەسەر بنەمای نەریتی هاوبەش و کۆمەڵگەی نزیک لە یەکتر دامەزراوە، بۆ هاوەدەنگی ئۆرگانیک، کە تاکەکان تایبەتمەندن و پشت بە نەزمێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز دەبەستن. گەشەی ئەخلاقی، لەم ڕوانگەیەوە، لە ناوەکیکردنی ئەم بەها هاوبەشانە و مامەڵەکردن بە شێوەیەک سەرچاوە دەگرێت کە سوودی بۆ کۆی گشتی هەبێت. ئەم یەکگرتنە کۆمەڵایەتییە هەستکردن بە ویستیی چاکەی گشتی دروست دەکات، پاڵنەرێکە بۆ تاکەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەخلاقی مامەڵە بکەن. دۆرکایم پێی وابوو کە ئەخلاق ڕاستییەکی (فاکتێکی) کۆمەڵایەتییە، لە دەرەوەی تاک بوونی هەیە و کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ڕەفتارەکان هەیە. بەها ئەخلاقییەکان تەنها بۆچوونی کەسی نین، بەڵکو سیستەمی هاوبەشن کە کۆمەڵگاکان بەیەکەوە دەبەستنەوە. ئەخلاق لە کۆوێژدانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە هەڵچون و هەستە کۆمەڵەکیەکان کە یەکانگیری کۆمەڵایەتی دروست دەکەن. ڕێنماییمان دەکەن کە چی ڕاست و چی هەڵەیە بۆ چاکەی نەزمی کۆمەڵایەتی. بە پێچەوانەوە، تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، وەک لە ئەنۆمی (بێ نۆرم)دا، کە تێیدا کۆمەڵگا دەچێتە بارودۆخێکەوە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و هەستی کۆمەڵەکی نامێنێت. دەتوانێت ڕێگری لە گەشەی ئەخلاقی بکات. بیرۆکەکانی دۆرکایم ئەوە پیشان دەدەن کە بنەما ئەخلاقییەکان لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگاوە سەرهەڵدەدەن، ئەمەش یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری بەرەوپێش دەبات (Durkheim, 1982).

ئیمیل دۆرکایم پەروەردەی وەک بناغەی چاندنی بەها ئەخلاقییەکان لە منداڵاندا دەبینی. ئەو پێی وابوو بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بە باشی کار بکات، پێویستە هەستێکی بەهێزی ئەخلاقی هاوبەش هەبێت تێگەیشتنێکی بەکۆمەڵ لە ڕاست و هەڵە هەبێت. لە ڕوانگەی دۆرکایمەوە، گەشەی ئەخلاقی لە پۆلەکانی باخچەی منداڵانەوە پەیوەندی بە ویژدانی تاکەوە نابێت بەڵکو پەیوەندی بە ناوەکیکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێت. یاساکانی باخچەی منداڵان، بۆ دۆرکایم، ئارەزوومەندانە نابن بەڵکو دەربڕینی ئەخلاقێکی بەکۆمەڵ دەبن، کۆمەڵێک بیروباوەڕی هاوبەش کە کۆمەڵگەی پۆلەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە. پەیڕەوکردنی ئەم یاسایانە ترس لە سزا نابێت، بەڵکو پەروەردەکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دەبێت. باخچەی منداڵان دەتوانن ئەم بنەمایانە پەروەردە بکەن بە پەروەردەکردنی

هاوکاری، هاوسۆزی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی. چالاکییەکانی وەک یارییە گروپییەکان یان کارەکانی پۆل دەتوانن هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵ بچێنن. هاندانی منداڵان بۆ نۆرەگرتن و هاوبەشکردنی یارییەکان فێری ئەوەیان دەکات کە پێداویستییەکانی ئەوانی دیکە لەبەرچاو بگرن. لە ڕێگەی گفتوگۆی پۆلەوە سەبارەت بە ڕاست و هەڵە، منداڵان پەرە بە هەستی دادپەروەری و هاوسۆزی دەدەن. ئەم پراکتیزانە کۆمەڵگەیەکی بچووک دروست دەکەن منداڵان فێری ئەوە دەبن کە چاکەی گروپەکە لە پێشینەدا دابنێن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بنەما ئەخلاقییەکانی دۆرکایمە لە باخچەی منداڵان (Cohen, 2021).

لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچونەی دۆرکایم سەبارەت بە پەروەردەی ئەخلاقی ڕۆدەچینە ناو سیستەمی پەروەردەی منداڵان لە باخچەی منداڵان. بیرمەندێکی ئەڵمانی بەناوی فردریچ فرۆبێل کە لە ساڵی ١٧٨٢ لە دایک بووە ، بیرۆکەی دامەزراندنی باخچەی منداڵانی هێنایە بوون، ئەو پێی وابوو یاریکردن تەنها بۆ منداڵان خۆش نییە، بەڵکو پێویستە بۆ گەشەکردنیان. منداڵان لە ڕێگەی یاریکردنەوە بە جیهاندا دەگەڕێن و بیرۆکەکان تاقی دەکەنەوە و پەرە بە توانا کۆمەڵایەتییەکان دەدەن. فرۆبێل زنجیرەیەک کەرەستەی پەروەردەیی دیزاین کردووە بۆ هاندانی داهێنان و چارەسەرکردنی کێشەکان و توانای جوڵە. فرۆبێل جەختی لە گرنگی بەسەربردنی کات لە دەرەوە دەکردەوە. ئەو پێیوابوو بەسەربردنی کات لە دەرەوە ژینگەیەکی سروشتی فێربوون دابین دەکات و هەستکردن بە سەرسوڕمان و پەیوەندی بە جیهانەوە دروست دەکات. منداڵان لە ڕێگەی ڕیزکردن و دروستکردن بە بلۆکەوە چەمکەکانی بیرکاری فێر دەبن، لە ڕێگەی پیاسەکردن و تاقیکردنەوەکانی سروشتەوە گەشت بەنێو زانستدا دەکەن، هەروەها لە ڕێگەی یاری و چیرۆکی کارلێککارانەوە تواناکانی خوێندەواری پەرەپێدەدەن. باخچەی منداڵان خوێندکاران لە پڕۆژەی هاوبەشدا بەشدار دەکەن کە وایان لێدەکات بە قوواڵی لێکۆڵینەوە لە بابەتێک بکەن، هاندەری کاری تیمی و چارەسەرکردنی کێشەکان بێت (Anon., 2021). (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٤)

ئەو بنەمایانەی فرۆبێل جەختیان لەسەر دەکاتەوە هاوکارێکی باشن بۆ پەروەردەکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقییەکان. گۆرانی وتن، یاریکردن و ئەوانیتر پێویستیان بە کارلێک و هاوکاری هەیە. ئەمەش منداڵان فێری هاوسۆزی، هاوبەشیکردن و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات. منداڵان ئەم بەهایانە ناوەکی دەکەن خۆشەویستی و هاوسۆزی بۆ یێکتری لەناخیان دەچێنن، هەروەها بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و جیهانبینیان فراوانتر دەبێت و هەست بە بونی خۆیان و دەوروبەریان دەکەن. ئەمەش وادەکات منداڵان بە بەها ئەخلاقیە بەرزەکان تەیار بکرێن (Cohen, 2021).

٣. بەشی سێیەم: میتۆدۆلۆژیا

١.٣ میتۆدی چۆنایەتی:

میتۆدی چۆنایەتیی میتۆدێکی توێژینەوەیە کە قوڵ دەبێتەوە لە "بۆچی" و "چۆن"ی ئەزموونی مرۆڤەکان. بە پێچەوانەی توێژینەوەی چەندایەتی کە مامەڵە لەگەڵ ژمارە و ئامارەکان دەکات، شێوازە چۆنایەتییەکان سەرنج دەخەنە سەر کۆکردنەوەی زانیاری و داتا ناژمارییەکان وەک چاوپێکەوتن. ئەم ڕێبازە ئامانجی تێگەیشتنە لە دەوڵەمەندی و ئاڵۆزی بیرکردنەوە و هەست و ڕەفتاری مرۆڤەکان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا. بە شیکردنەوەی ئەم زانیارییە چۆنایەتییانە، توێژەران دەتوانن مانا قوواڵترەکان، پاڵنەرەکان و واقیعە کۆمەاڵیەتییەکان ئاشکرا بکەن کە ڕەنگە تەنها بە گرنگیدان بە ژمارەکان نەتواندرێت بەدەست بهێندرێن (Bhandari, 2020). توێژینەوەی چۆنایەتی دەتوانێت زانیاری بەنرخ دەربارەی کاریگەرییەکانی باخچەی منداڵان لە فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقیەکان بەدەست بهێنێت، میتۆدی چۆنایەتی تێگەیشتنێکی قوڵتر دەربارەی ئەم پرسە دەخاتە ڕوو. ئێمە لەڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند مامۆستایێک کە ئەزموونی وانە وتنەوەیان هەبوو لە باخچەی منداڵان، توانیمان تێروانینێک بۆ ئەزموونەکانی ناو باخچەی منداڵان بەدەستبهێنین. میتۆدی چۆنایەتی زۆر گرینگە بۆ ئەوەی لە چۆنییەتی چاندنی بەها ئەخلاقیەکان لە منداڵانی بچوک تێبگەین.

٢.٣ کۆکردنەوەی داتاکان

لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی داتا شیوازی چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو بەکارهاتوە بۆ ئەم مەبەستە توێژەران چاوپێکەوتنێکی پێشوەختە دیاریکراو بە تەوەرە سەرەکییەکان و پرسیارە کراوەکان پێشنیاردەکەن بۆ لێتوێژراو یاخود نمونەی توێژینەوەکەیان. ئەم شێوازە جوانییەکەی لە گونجاندنداید. توێژەران دەتوانن ڕێزبەندی پرسیارەکان ڕێکبخەن، قوولّتر بچنە ناو وەلّامە سەرنجڕاکێشەکانەوە، تەنانەت پرسیاری بێ پلانیش بکەن کە لە کاتی گفتوگۆکردندا سەرهەلّدەدەن. ئەمەش تێڕوانینێکی دەولّەمەندتر و وردتر لە بەشداربووانەوە وەدەست دەخات، لەبەرئەوەی دەتوانرێت پێش چاوپێکەوتنەکە لێتوێژراوان چاویان بە پرسیارەکان بکەوێت (Cleave, 2023).
ئەم تویژینەوەیە پشت بەم شێوازە دەبەستێت بۆ ئەوەی لێتوێژراوان بتوانن باشتر خۆیان ئامادە بکەن، بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەم پرسە. چونکە دەمانەوێت بەقولّی کاریگەری و ڕۆلّی مامۆستایان لە فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقیەکان بپێوین، لە کاریگەری ژینگەی باخچەی منداڵان بەسەر ئەم پرسەوە بکۆلّینەوە. توێژەریش دەستکراوەبێت لە ئاراستەکردنی هەر پرسیارێک کە لەناو گفتوگۆکاندا بۆی دروست دەبێت، وە پرسیاری پێشوەختە ئامادەکراوی هەبێت، پێشتر پۆلّێنکاری بۆکردبێت بۆ ئەوەی بتوانێت داتا و زانیاری بەسود و پەیوەست بە پرسەکەوە لە نمونەکانی توێژینەوەکە بەدەست بخات.

کۆمەلّگەی توێژینەوەی ئەم توێژینەوەیە باخچەی منداڵانی شاری سۆرانن. لەگەلّ ئەمەش نموونەی توێژینەوە دوو باخچەی منداڵانن کە سێ مامۆستا وەرگیراون و شارەزاییان لە وانەوتنەوە و پەروەردەکردنی منداڵان لەو باخچانە هەبوو. جۆری نمونەی توێژینەوەکەمان ناهەڕەمەکی مەبەستدارە کە تێیدا توێژەر خۆی نمونەی توێژینەوەکە هەلّدەبژێرێت لەسەر بنەمای حوکمدانی بابەتی توێژینەوەکە، وەک هەلّبژاردنی پسپۆڕان لە بواریکی دیاریکراودا، نەک هەلّبژاردنێکی هەڕەمەکی (Fleetwood, 2024). پێویست بوو مامۆستایانی پسپۆری دیاریکراو کە باخچەی منداڵانە وەربگرین. ئێمە بۆ مەبەستی چاوپێکەوتن دەربارەی ئەم پرسە سەردانی سێ باخچەی منداڵانمان کرد توانیمان ڕەزامەندی دووانیان بەدەست بێنین لەڕێگەی ڕونکردنەوەی مەبەستی چاوپێکەوتنەکە و هەروەها پشتگیری زانکۆ بۆ توێژینەوەکەمان. ئەوانیش ڕەزامەند بوون بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنەکە ئەنجام بدەن و هاوکارمان بوون لە پێدانی زانیاری پێویست بۆ بابەتی توێژینەوەکەمان. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٣)

ئەخلاقی توێژینەوە بە تایبەتی لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا گرنگە بەهۆی کارلێکی نزیک لە نێوان توێژەران و بەشداربووان. لێرەدا زۆرجار توێژەران زانیاری هەستیار و کەسی لە ڕێگەی چاوپێکەوتن کۆدەکەنەوە. بنەما ئەخلاقییە سەرەکییەکانی وەک ڕەزامەندی، و ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی کەسەکان زۆر گرنگن. توێژەران دەبێت دڵنیابن لەوەی بەشداربووان لە توێژینەوەکە تێدەگەن و بە ئازادی بەشداری دەکەن، لە هەمان کاتدا پاراستنی نهێنی لێتوێژراوان و نادیاربوونی وەڵامەکانیان. جگە لەوەش، دۆزینەوەکانی توێژینەوەی چۆنایەتی دەبێ بە بەرپرسیارانە بخرێنەڕوو بۆ ئەوەی ئەزموونەکان بە هەڵە نیشان نەدەن یان زیان بە بەشداربووان و ئەو گروپە نەگەیەنن کە نوێنەرایەتیان دەکەن (Resnik, 2020). لەم توێژینەوەیەدا ڕەچاوی ئەم بەها ئەخلاقیانە کراوە، مەبەستی توێژینەوەکە، بەکارهێنان و پاراستنی زانیاریەکان بۆ نمونەی توێژینەوەکە ڕوون کراونەتەوە، هەروەها فۆڕمی ڕاپرسی پێشکێش کراوە کە پابەندیەکانی توێژەر بە پاراستنی زانیاریەکان و ئیتیکی توێژینەوە تێیدا جێگیرکراون.

٣.٣ شیکردنەوەی داتاکان

شیکاری بابەتیی (Thematically Analysis) شێوازێکە بۆ شیکردنەوەی داتای چۆنایەتی. بەزۆری بۆ کۆمەڵێک دەق بەکاردەهێنرێت، وەک چاوپێکەوتن. تۆیژەر لە نزیکەوە لە داتاکان دەکۆڵێتەوە بۆ دەستنیشانکردنی تەوەرە هاوبەشەکان، بابەتەکان، بیرۆکەکان کە دووبارە و سێبارە دێنە پێشەوە. ڕێبازی جۆراوجۆر هەیە بۆ ئەنجامدانی شیکاری بابەتیی، بەڵام باوترین فۆرم بە پرۆسەیەکی شەش هەنگاوی پەیڕەویی لێ دەکرێت: ئاشنابوون، کۆد پێدان بە بابەتەکان، دروستکردنی تەوەرەکان، پێداچوونەوە بە بابەتەکان، پێناسەکردن و ناونانی بابەتەکان و نووسین. هەروەها پەیڕەوکردنی ئەم پرۆسەیە دەتوانێت یارمەتیت بدات لە کاتی داڕشتنی شیکارییەکەتدا لە لایەنگری دوور بکەویتەوە. شیکاری بابەتی لە ژماردنی وشەکان بەتەنیا، تێدەپەڕێت. قوولْ دەبێتەوە لە مانای داتاکان، لەوانەش هەم ئەوەی بەڕوونی باسکراوە و هەم ئەوەش کە ڕەنگە مانای قوڵتر هەڵبگرێت. ئەم شێوازە بۆ تۆیژەران بەنرخە چونکە یارمەتییاندەدات لەو ئەزموون و بۆچون و بەهایانە تێبگەن کە لە داتاکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە (Caulfield, 2023).

لەم تۆیژینەوەیدا ئەم شێوازە بەکارهاتووە چاوپێکەوتن لەگەڵ نمونەی تۆیژینەوەکە ئەنجامدراوە، دواتر چاوپێکەوتنەکان کراون بە نوسراو خوێندنەوەیان بۆکراوە ئینجا کۆدیان پێدراوە هەر وتەیێکی هاوشێوە ڕەنگێکی پێدراوە بۆ ئەوەی بناسرێنەوە، پاشان تەوەرەکان دەسنیشانکراون شیکردنەوە بۆ نوسراوەکان کراوە و پێناسەکراون بە پالپشتی تیۆر و تێگەیشتنە زانستیەکان، پاشان بابەتەکان ناونراون.

٤. بەشی چوارەم: ئەنجام و گفتوگۆ

١.٤ باخچەی منداڵان و ڕۆڵی لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکان

باخچەی منداڵان یەکەم ساڵی خوێندنی فەرمییە بۆ زۆربەی منداڵان، بە شێوەیەکی گشتی لە دەوروبەری تەمەنی پێنج ساڵییەوە دەست پێدەکات، قۆناغێکە تێیدا منداڵان فێری کارامەیی کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی دەبن لە ڕێگەی فێربوون لەسەر بنەمای یاریکردن، گۆرانی وتن، چیرۆک، شانۆ...هتد (Anwar, 2021). باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی گرینگ دەیگێڕێت لە دارشتنی بناغەی ئەخلاقی منداڵاندا. باخچەکانی منداڵان لە پێگەیێکی باشدان بۆ دانانی بنەما بۆ ڕەفتاری ئەخلاقی. لەبەرئەوەی ئەم تەمەنەی منداڵان، ئامادەن بۆ وەرگرتنی زانیاری نوێ و تامەزرۆی دڵخۆشی و یاریکردن و گەڕان و دۆزینەوەن. ئەم بناغە سەرەتاییە دەبێتە ئامرازێک کاتێک منداڵان بە کارلێکە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکاندا دەڕۆن و هەستی ڕاست و هەڵەیان پەرەپێدەدەن. لە ڕوانگەی ئیمیل دۆرکایم، ڕێزگرتن لە بەها هاوبەشەکانی کۆمەڵگایەک بۆ یەکگرتوویی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە. ئەو پێی وابوو کۆمەڵگا لە ڕێگەی هۆشیارییەکی بەکۆمەڵەوە کاردەکات، کۆمەڵێک نۆرم و بیروباوەڕی هاوبەش کە تاکەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە. ڕێزگرتن لەم بەهایانە دڵنیای دەدات لەوەی تاکەکان بە شێوەیەکی چاوەڕوانکراو مامەڵە دەکەن، هاودەنگی و نەزمی کۆمەڵایەتی پێشدەخەن. ئەمەش لەگەڵ چەمکی ئەخلاقدا یەکدەگرێتەوە، کە جەخت لەسەر مامەڵەکردن دەکاتەوە بە پێی بنەما ئەخلاقییەکان کە چاکەی گشتی بەرەوپێش دەبەن. تاکەکان بە ڕێزگرتن لە بەها کۆمەڵایەتییەکان بەشداری دەکەن لە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی کە سوودی بۆ هەموو کەسێک لە ناو گروپی کۆمەڵایەتیدا هەبێت (Carls, 2020).

گرنگە لە باخچەی منداڵان ئەو بەهایانە لە ڕێگەی تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەوە، لە منداڵانی بچوکدا بچێندرێن. بۆ ئەوەی بتوانرێت کەسانێکی تەیارکراو بە بەها ئەخلاقیە بەرزەکان بخرێنە ناو کۆمەڵگا. لەو بەهایانە لە لێتوێژراوانی توێژینەوەکەمان بەدی دەکرێن کە هەر سێ لێتوێژراو جەختیان لەسەر فێرکردنی منداڵان بە ڕێزگرتن لە مافی کەسانیتر و هاوپۆلانی خۆیان کردەوە. بەڵام لەڕێگای تەکنیکی جیاوازەوە.

"لە ڕێگەی شانۆوە منداڵمان فێری ئەوەی کردوە کە ڕێز لە دایکی بگریتن، دایک چۆنە و چۆن نییە." لێ توێژراوی یەکەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤) "لە ڕێگای کورتە ڤیدیۆ و کردار لە پێشیان چالاکی لە پێشیان نموونە لەوکاتەی منداڵ داوای شتێک لە کەسێک ئەکات بە کردار پیشانیان ئەدەم ئەگەر داوای خواردنەکەت کرد وتی بەڵی دەبی بڵێی سانکیو واتە سوپاس ئەگەر وتی نەخێر نابێت دەست لە شتەکەی بدەی و ئەبێ ڕێز لەو وەڵامەی بگری کە دایتییەوە وەها فێرمکردینە. لێرە من گرنگی

ئەوشتە لەوەئەبینم کە ئەو منداڵە فێر دەبێت کە ئەو شتە مافی کەسێکی ترە ئەگەر پێیدا وەری ئەگری ئەگەرنا ڕێز لەمافی ئەو کەسەی ئەگری. دوو تەڵەبە هەر برادەری نزیکی یەکیش بوون لەکن یەک دانیشت بوون داوای پانکێکی لێکرد پارچە پسکویتەکە کوڕەکەش گۆتی نۆو نابی دەست لێبدەی ئەویش هەروەها زۆر بە هادئی دەستی لاداو دەستی لێنەدا هەر ئەوها هیچیشم پێنەگۆتن دوایش لۆم دەرکەوت کە ئەوشتەی کە جێبەجێم کردیە ئەو کرداڕە لە پێشیان تەتبیق بووە یانی لە پێشیان باش بووە تا ئێستا." لێ توێژراوی دووەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤) "لە ڕێگەی ئەو ڤیدیۆیانە بی مەسەلەن کە ئەتوو منداڵێک فێری ئەوەی ئەکەی کە یەکتری قبوڵ کەن ئەوا یانی ئەو چیڕۆکە ئەخلاقیانە بە کوردی و بە ئینگلیزیش هەیە هەم بە خیندنەوە هەم بە ڤیدیۆ وە ئەکید بە ڤیدیۆ زیاتر لە مێشکی منداڵەکەی ئەمینیتەوە ، کە ئەتوو چیڕۆکێکی پیشان ئەدەی کە دوو کەس یاری ئەکەن ئەها یەکەک کەس خۆشی ناوێت و ئەو شتانە ئەوان ئەکید ئەو جارەی هەوڵ دەدەن کە دەگە برادەری خۆ کە گەمەیەکی ئەکەن یەکتری قبوڵ کەن." لێ توێژراوی سێیەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤)

هەر یێک لە لێتوێژراوان باس لەوە دەکەن کە منداڵانیان فێری بەها ئەخلاقیەکان کردون لە ڕێگەی شانۆ و کورتە ڤیدیۆ و کردار و چالاکی لەپێشیان هەروەها چیرۆکیش. ئەمانە لە بنەماکانی فردریچ فرۆبێل جەختیان لێکراوەتەوە لە پەروەردەکردنی منداڵان بە کاریگەر دادەنرێن. هەروەها پەیامی پشت ئەو پەروەردەیەش کە ڕێزگرتنە لە بەهاکانی کەسانی تر و هاوڕێیان بۆ منداڵان بەنرخە، چونکە منداڵ لێرەوە فێردەبێت سنوری ئازادی کەسانیتر پێشێڵ نەکات، ڕێز لە هاوڕێکەی بگرێت ئەمەش بنەماییکی ئەخلاقیە (Anon., 2021).

بابەتی ڕێزگرتن فرە ڕەهەندە دەبێ مامۆستایانی باخچەی منداڵان وەکو چاودێرێک بەسەر هەلسوکەوت و ڕەفتاری منداڵان، ڕەچاوی ئەوەبکەن کە، لە هەر ڕێگاییکەوە بێت ڕێگری بکەن لە سەرهەڵدانی هەر کردارو ڕەفتارێک لە منداڵاندا کە هەستبکرێ ڕێزگرتنی تێدا نیە. تایبەت تر باسی لێوەبکەین بابەتی جنێودان دەکرێ لە کۆمەڵگای ئێمە مەسەلەی جنێودان و ڕێگریکردن لە منداڵ بۆئەوەی فێری ئەو ڕەفتارە نەبێت شتێکی قورس بێت. چونکە کۆمەڵگای ئێمە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەگشتی کۆمەڵگای داخراون لە مەسەلەی گفتوگۆ و لێک تێگەیشتن لەبەرئەوەی بە پەروەردەییکی بانکیدا تێپەڕیوین کە خولانەوەیە بەدەوری بازنەییک تێیدا مرۆڤەکان دەبنە وەرگرێکی باش، زانیاریەکان و ڕێنماییەکان لە مێشکی خۆیان زەخیرەدەکەن بەبێ لێکدانەوە و کارلێکی نێوان زانیاریەکان. ئەم کلتوری بیرنەکردنەوەیەش هەروا دەستاو دەست بەردەوام دەبێت لە نەوەییکەوە بۆ نەوەییکی تر ئەگوازرێتەوە. لەبەرئەوەیە دیالۆگ و لێک تێگەیشتن بونی نابێت. جا بابەتی جنێودانیش بەرمەبنای لێک تێنەگەیشتن و یێکتر قەبولنەکردنە (Micheletti, 2010).

هێشتاش ئاستی هۆشیاری تاکەکان بەو شێوەیە نییە کە بتوانن ڕێگری لەو هەڵسوکەوتانەیان بکەن. بەلایانی کەم ناتوانرێت لە بەرچاوی منداڵان ئەو ڕەفتارە ناشیاوانە ئەدا نەکرێن. بۆیە ئەمەش تەحەداییکە لەبەردەم مامۆستایان کە دەبێ بەباشی خۆیانی بۆ ئامادە بکەن. هەروەک لێتوێژراوی یەکەم و دووەم باسیان لەو بابەتە کرد.

"بەڵێ، ئێمە منداڵمان فێرکردوە کە جوندان شتێکی ناشرینە. لە بەهای منداڵی کەم ئەکاتەوە. بۆ نمونە دوو سێ ڕۆژ پێش ئێستا منداڵەک هات گۆتی مامۆستا ئەمن لەکۆڵانێ گەمەم ئەکرد گۆتی یێکسەر منداڵەکهات قسەکی نەشرینی پێگۆتم. منداڵەکە گوتی ئەمنیش پێم گۆت ئەتو کو ئەوەی دەکەی شتەکی نەشرینە، مامۆستا بەمەی گۆتیە لە ڕەوزەی نابی ئەو شتەی بکەی قەدەغەیە. ها مەسەلەن فێرە ئەو بەها ئەخلاقیەی بووە کە لەدەرەوەش بتوانێ ڕێزی بگریتن." لێ توێژراوی یەکەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤)
"بەکارهێنانی وشەی جوان وشەرم کردن نمونە یێکێ وەکی من و توو بچیتە پێشیان پرسیاریان لێبکات ئەوەنەبی ڕەدفەعلت بدات بە وشەکی ناشیرین چونکە هەبوە لێرە کەچویمە کلاسی تەلەبە هەبوە جوینی دایە پێنج ساڵیە ئەوەندە پێش ئەوەی ئەوشتانە فێربیت شتی ناشرینی بەکارهینایە بەرایمن ڕونکردنەوەی خاڵەکان یاساکان گرنگ ترین شتە منداڵ بتوانێ بکەوێتە سەر سیکە." لێ توێژراوی دووەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤)

لێرەدا لێتوێژراوی یەکەم باس لەوەدەکات کە ڕووبەڕوی ئەو تەحەدایە وەستاوەتەوە کە جنێودانە منداڵانی باخچەی فێرکردوە کە جنێودان شتێکی ناشرینە، قەدەغەیە ئەمە زیاتر ڕەهەندێکی یاسایی هەیە بۆ ڕێگریکردن لەو هەلسوکەوتە. لێتوێژراوی دوەمیش باس لەوەدەکات ڕووبەڕوی هەمان بارودۆخ بۆتەوە. ئەو باس لە گرنگی ڕونکردنەوەکان و یاساکان دەکات لە کاریگەرییان بەسەر قەبولکردنی یێکتری و تەرکدانی ئەو ڕەفتارە نەشیاوە. لێرەدا گرنگە دیالۆگ و لێک تێگەیشتن وەک ڕێڕەوێکی ڕاست بۆ منداڵان پەیڕەوبکرێت منداڵان هانبدرێن گفتوگۆییکی تەندروست بکەن لەنێوان خۆیان بەو شێوەیەی لەسەر بنەمای لێک تێگەیشتن و ڕێزگرتن لە بیرۆکەکان،و ڕێزگرتنی ڕای بەرامبەر بێت. ئەمە پێچەوانەی جنێودان و سوکایەتیکردنە بەکەسی بەرامبەر لەبەرئەوەی دیالۆگ لێک تێگەیشتن سازدەکات (Micheletti, 2010).

بابەتی ڕێزگرتن لە کەسایەتی منداڵ بۆ ئەوەی هەست بە بوون و گرنگی خۆی بکات. ئەمەش لەڕێگای ڕێزگرتن لە ڕای منداڵەکان سەبارەت بە هەندێک پرس و بابەت کە دەتوانرێت گۆڕانکرای تێدا بکرێت یان هەر شتێکی تر کە منداڵەکە ئەدای دەکات، گفتوگۆی لەبارەوە دەکات، گرینگە بە هەند وەربگیرێت. ئەمەش منداڵ فێری بەهای ئەخلاقی دەکات لەبەرەئەوەی ئەمیش ئەو گرنگیە دەبەخشێتەوە بە کەسانیتر کە مامۆستا بەوی بەخشیوە (Nguyen, 2019).

"دەبی ئەتووی خۆش بووێ یانی دەبی ئەو شتانە بکەی کە جار جار هەست بکات کە ئەتوو لەبەر دڵی وی گەمەیەکی بە دڵی وی دەکەی گەمەیەک کە ئەوڕۆ بەدڵی ویە ڕۆژەکی دیکە بەدڵی ئەوەیە ، ئەو شتانەی کە بەدڵی وان بیتن یانی ئەها کە ئەڵێن با ئەو دەرسەی پێش و پاش بکەین یان با ئەو شتەی پێشان بکەین، کە ئەتوویان خۆش ویستی و هەستیان بە برادەرایەتی و سەلامەتی کرد لەتوو ئەوجا ئەتوو ئەتوانی دەست بە پەروەردەکەی بکەی." لێتوێژراوی سێیەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤)

باس لەوەدەکات کە ڕێزی لە ڕای قوتابی گرتووە بەهەندی وەرگرتووە، دەڵێت دەبێت هەست بکات ئەوت خۆش دەوێ. ئەم خۆشەویستیەش بە ڕێزگرتن لە ڕای منداڵەکە دەبەستێتەوە بەوەی کە هەڵوێستی منداڵەکان پشتگوێناخا و بە گرنگیەوە وەڵامیان دەداتەوە. ئەمەش منداڵان هاندەدات بۆ دیالۆگ و ڕێزگرتن لەڕای ئەوانیتر (Nguyen, 2019).

یێکێکیتر لە هۆکارەکان کە وادەکات منداڵان فێری ڕێزگرتن لە مافەکان و بەهاکانی یێکتری ببن ئەوەیە کە، منداڵان فێری نۆرەگرتن بکرێن، چ لە یاریکردنە بەکۆمەڵەکاندابێت یان هەر شتێکیتر کە منداڵان ئەنجامی دەدەن، لە باخچەی منداڵان.

"هەموو جارێ کە دەچم ئیشی من ئەوەیە ئەریم یەک ڕیز دروست بکەن ئەلێم ئەگەر ئەنگۆ هەموو پێکەوە لێرە بوون نیوو سەعاتی دەوێ هەتا پێتان دەدا بەس ئەگەر بە ڕیز ڕاوەستان ئەو کەسە ئیشی خۆی سەریعتر ئەکا و مێشکی هادئترە ئەزانی کێ پارەی دایە کێ چی داوا کردیە و لەفەکەتان بە دە دەقەی پێ دەدا پێویست ناکا فەوزای دروست بکەن ، هەتا ئەوڕۆکە نموونەم لە کلاسی لۆ هینایە لەسەر ڕیزبوون لە کاتی چوونەژوورەوەی گووتم ئیستا ئەگەر بە ڕیز بڕۆی زووتر دەگەیە ژوورەکەت نەک هەموو پێکەوە غار بدەن چونکە ئەکرێ بەربیەوە دوایێ یان ئەزیەتی بخۆی سەرەڕای ئەوە تاخیریش ئەبی." لێتوێژراوی سێیەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤) "بەتەکید فێرە نۆرە گرتنم کردن ئەوجا بە قسەشم ئەکەن یانی ڕائەوەستن تا پێم ئەڵێن مامۆستا کات تەواو بوو ئەڵێم ئا نۆرەی تووە لەبەرئەوەی هاوڕێکانیشتان پێیان خۆشە یاری بکەن جۆلانێ بکەن. دەمەوێ تێیان بگەیێنم کە ڕێز لە مافەکانی یێکتری بگرن." لێتوێژراوی دووەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤)

ئەم شێوازی نۆرەگرتنە لە یاریکردنە بەکۆمەڵەکاندا کە منداڵان فێریدەکرێن لە بنەماکانی فردریچ فرۆبێلدا جەختیان لێکراوەتەوە بەوەی وەک ڕەهەندێکی فێرکردنی منداڵان سەیر بکرێن بتوانرێت گەشە بە هزری منداڵان بدات. لە ڕوانگە دۆرکایمیەکەشەوە دەکرێ نۆرەگرتن ببێتە هۆی ئەوەی منداڵان لێک تێگەیشتن و هاوسۆزی بنیاتبنێن کە ئەمەش لە بەها ئەخلاقیەکانە (Anon., 2021).

یاریەکانی وەک تۆپ تۆپێن و چاوشارکێ، غارغارانێ...هتد پێویستیان بە نۆرەگرتن و لێک تێگەیشتن و پەیوەندی بەهێزی نێوان منداڵان هەیە کە ئەمەش هاوسۆزی بنیاتدەنێ. لێرەشدا گرنگی یاریکردنی بەکۆمەڵ دەردەکەوێت کە ئەو جۆرە لە هاوسۆزی بونیاد دەنێت. چونکە هەموو ئەو شتانەی باسکران لەخۆی دەگرێت وەک نۆرەگرتن، هاوسۆزی و هاوکاری...هتد (Cohen, 2021).

"زۆربەی جار منداڵ بە گروپات یاری بکات. هەم لەڕوی دەرس خیندنەوە هەم لەڕوی یاریکردنەوە ئێمە بەشێوازی کۆمەڵ کردیتمانە گروپ ئەوجا گروپەکانیش ئەوە نیە، یێک گروپ دوو گروپ هەبی دوو سێ گروپمان دروست کردیە هەرجارەو گروپەکانیش تێکەڵ دەکەین لۆئەوەی هەموو منداڵەکان شارەزایی یێکتر وەربگرن شارەزای تەبیعەتی یێکتری ببن. کە منداڵ شارەزای یێکتری بوو دەتوانی تەبیعاتەکانی یێکتری بناسیتەوە دەتوانی یارمەتی یێکتری بدەن، پێکەوە یاری بکەن، ڕێزی یێکتری بگریتن، بۆنمونە لەڕوی جوندان و هاندانی شەڕکردنیان هەبیتن نا. ئێمە وامان فێرکردینە ڕێزو خۆشەویستیان هەبیت بەشێوازی کۆمەڵ کاربکەن." لێتوێژراوی یەکەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤)

باس لەوەدەکات کە منداڵانی تێکەڵکردون لەڕێی گروپەوە بۆ ئەوەی شارەزای یێکتری ببن هاوسۆزی و خۆشەویستی یێکتری بونیاد بنێن ئەمەش لەڕوانگەی ئیمیل دۆرکایمەوە بەهاییکی گرنگی ئەخلاقیە لەبەرئەوەی تاکەکان بەیێکتریەوە دەبەستێتەوە و نەزمی کۆمەڵایەتی بەهێزدەکات (Cohen, 2021).

لێتوێژراوی سێیەم باس لەوە دەکات کە منداڵانی فێرکردوە کەمو کوڕییک کە لەوانیەشەوە نەبوە چاکی بکەنەوە لەپێناو چاکەی گشتی ئەمەش منداڵان ڕادەهێنێت کە کردەییک بکەن چاکەی کۆمەڵی تێدابێت. ئەگەر ئەوانیش هۆکاری خراپی بارودۆخەکە نەبووبن. لەو نمونەیە کە پاراستنی بینایەی باخچەکەیە بە مەبەستی ئەوەی کە تێکچونی زیان بەهەموان دەگەیێنێ. دەکرێ منداڵان وا پەروەردە بکات کە ڕێز لە ژینگە بگرن و پیسی نەکەن هەروەها نارێکیەکانی ژینگە، دەوروبەریش چاک بکەنەوە.

"پێم گۆتینە کە دەچنە سەرئاو و شوێنی وا ئەگەر دیتت ئاوەکە کرایتەوە ئەتووش نەت کردبیتەوە کەسەکی گەورەتر کردبیەوە فێر بە ئاوەکەی بگریەوە ، چونکە ئەگەر ئاوەکەی نەگریەوە موشکیلە نییە کێ بەری دایتەوە موشکیلە ئەوەیە ئاوەکە بەفیڕۆ دەچی و هەموومان زەرەرمەند ئەبین ، کە شتەکی وایان فێر ئەکەی زۆرجار هاتینە گۆتەتیان تەلەبەی فلان پۆلەی کە پێنج پۆل لە پێش خۆیانن ئاویان بەر دایتەوە ئەمە گرتیتمانەوە." لێتوێژراوی سێیەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤)

یاساکانی باخچەی منداڵان، هەرچەندە بەڕواڵەت سادەن، بەڵام وەک بنەماییکی گرنگ بۆ بنیاتنانی ئەخلاقی منداڵ کاردەکەن. یاساکانی وەک نۆرە و گوێگرتن و پاککردنەوە لە دوای خۆت بناغەیەک بۆ دادپەروەری، ڕێزگرتن و بەرپرسیارێتی دەڕەخسێنن. منداڵان بە ئەزموونکردنی دەرئەنجامەکانی پەیڕەوکردن یان شکاندنی ئەم یاسایانە، لە کاریگەریی کارەکانیان لەسەر کەسانی دیکە تێدەگەن. مامۆستایان دەتوانن ئەم بەهایانە زیاتر بەهێز بکەن بە ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی پشت یاساکان، یارمەتی منداڵان دەدەن کە ڕەفتارەکانیان بە باشی کۆمەڵگەی پۆلەوە ببەستنەوە. ئەم یاسا سادانە هەستی هاوسۆزی دەچێنێن و زەمینەسازی بۆ بڕیاردانی ئەخلاقی لە داهاتوودا دادەنێن. هەر سێ لێتوێژراوی ئەم توێژینەوەیە جەختیان لەسەر پەیڕەوکردنی یاساکان کردەوە، لە جێبەجێکردنی بەها ئەخلاقیەکان.

"شتەکیدیکەشیان فێردەکەین ئەمە لە هەم کە لە باخچەیە پێلاوەکانی خۆیان جێی تایبەتیان لۆ دانرایە ئەڵێین پێلاوی خۆت بەخۆت بخە ناو ئێرە، ئەوە جێی جەنتاتە، ئەوە جێی پێداویستیەکانتە پێویستناکا هەموو ڕۆژێ کەسەک بێت ئەوەت لەبۆ بکات. عادەتەن منداڵ زوو شتی لەبیر دەچی زوو زوو بیریان بخەینەوە یاساکانیان بەبیر بینینەوە. شتەکیدیش پێیان دەڵێین کلاستان خاوێن ڕاگرن دیتیتان ئەو کارگوزارانە چەند هیلاکن. ئەگەر ئێوە نەهێلن ژینگەکەمان پیس بێت هانی ئەوان ئەدەیت." لێ توێژراوی سێیەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤)

ئەو ڕەفتارانەی باسیان لێوەدەکات کە بە منداڵانی وتوە ئەو هەڵسوکەوتانە بکەن ناکرێ چاوەڕێبن کەسێک بۆتان جێبەجێ بکات ئەمانە وەکو یاسا بەسەر منداڵەکان سەپاون بە جێبەجێ کردنیان ڕەفتارێکی ئەخلاقی دەنوێنن.

"منداڵ هەبوە لێرانە فێرە یاسا بوە. ئێستا یاسامان هەیە منداڵ بۆی نیە نزیکی ژووری بەڕێوەبەر ببێ. چۆن مامۆستایان ژوری تایبەت بەخۆیان هەیە، منداڵەکانیش ژوری خۆیان هەیە. وەکو ژوری گەمەکردن هەمویان دیاریکراون مەسەلەن منداڵ کاتی دەرسی هەیە، کاتی یاریکردنی هەیە، کاتی خواردنی هەیە. منداڵمان فێرکردیە کە بە پێی یاساکان بڕوا، نەوەکو مەسەلەن منداڵ بە ویستیخۆی بچێتن یاری بکا، بەویستی خۆی نان بخوا." لێتوێژراوی یەکەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤)

بەپێی ئەم وتەیە منداڵ فێردەبێت سنوری خۆی بزانێت، مافی منداڵانی تر و کەسانیتر پێشێڵ نەکات هەم ئەو شتانەشی کە بۆخۆی ڕەوان بۆی ڕوون ببنەوە.

لێتوێژراوی دووەمیش جەخت لەسەر پەیڕەوکردنی یاساکان دەکاتەوە. یاساییێکی وەک "دەست هەڵبڕە ئەوجا قسە بکە" منداڵ هاندەدات ڕێز لە مافی هاوپۆلەکانی بگرێت بەو پێیەی هەموان مافی قسەکردنیان هەیە هاوشێوەی یێکتر. ئەمەش منداڵ فێردەکات مافی قسەکردن تەنها بۆ ئەو نیە، بەڵکو هاوپۆلەکانیشی مافیان هەیە. هەم فەوزاییک دروست نەبێت کە مافی هەموانی تێدا پێشێل بکرێت.

"هەر لەسەرەتای ساڵەوە ئەویاسایانەم لەدیواردایە کە دەتەوێت قسەی بکەیت دەست بەرزکە هاوارکردن نیە کە قسەمتەواوکرد ئەوجا ئەتوو بڕێ تیچە لەکاتی قسەکردنا پێمگوتینە ناوم نەهێنن چونکە منداڕ فێرە لەناوەندی کلاسی دەڕێ تیچە ئەوەی بکەم، بچمەدەڕێ، پێمگوتینە با من قسەی تەواوکەم ئەوجا ئەتوو بەس بەباشیش فێربووینە." لێ توێژراوی دووەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤) باس لەوەدەکات کە یاساکانی کردونە بەنوسراو بۆ منداڵان هەڵواسراون دەبێ پەیڕەوی لێبکەن.

لە یاساکاندا شتێک جێگای نیگەرانیە، دەکرێت منداڵان لە ترسی سزاکان پەیڕەوی لە یاساکان بکەن. "هەمیشە پێم گوتون کە تەلەبەیێک سزا ئەدرێ دەبی ئەنگۆ هەموو پێو ناخۆش بی نابی دڵخۆشبن کە برادەریتوە سزا ئەدرێ." لێ توێژراوی سێیەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤)

بۆیە گرنگە مانای پشت یاساکان بۆ منداڵان ڕونبکرێتەوە بۆ ئەوەی منداڵان تێبگەن کە ئەو یاسایانە بۆ ڕێک و پێکی و پێشێل نەکردنی مافی ئەوانیترە. بۆ ئەو مەبەستەش دەکرێ چەند هۆکارگەلێکیتر پەیڕەوبکرێن بۆ ئەوەی منداڵان یاساکان پەیڕەو بکەن، نەک بەهۆی سزاکانەوە بێت.

دۆرکایم ئایینی وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی دەبینی، وەک سیستەمێکی بیروباوەڕی هاوبەش کە لە ڕێگەی کۆمەڵێک بەها و ڕێوڕەسمی پیرۆزەوە تاکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. پەروەردەکردنی منداڵان لە چوارچێوەیەکی ئایینیدا، بە بڕوای ئەو دەیانخاتە بەردەم ئەم بەها بەکۆمەڵانە. بە فێربوونی چیرۆکی ئایینی وەک جۆرێک لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵ دەگێڕێت (Carls, 2020). ئەم ئەزموونە هاوبەشە هەستی هاوسۆزی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی پەرە پێدەدات، لە هەمان کاتدا ئەو بنەما ئەخلاقیانەی کە لەناو ئایینەکەدا چەسپاون، لە منداڵاندا دەچێندرێن. لە کۆمەڵگاییێکدا کە دیین هێشتا گرنگی خۆی هەیە، دەتوانین سود لەو بەها ئەخلاقیە بەرزانە وەربگرین کە لە دین جەختیان لێکراوەتەوە، و سودیان بۆ چاکەی گشتی کۆمەڵگا هەیە. وەک ناحەزی درۆکردن لە دینە ئاسمانیەکان و هاندانی چاکەکردن لەگەڵ کاسانیتردا. دەکرێت ئەو گوتەیەی پەیامبەری ئیسلام کە دەڵێت "ئەوەی بۆخۆتان پێتان خۆشە ئەبێت بۆ برای موسڵمانیشتان پێتان خۆش بێت." ئەمانە و چەندانی تر وەک بنەماییێکی گرینگ بۆ هاندانی منداڵان بە بەهای ئەخلاقی بەرز و ڕێزگرتن لە یێکتری بەکاربهێندرێن، بە ڕەچاوکردنی پێشێلنەکردنی مافی کەسانیتر و سەرهەڵنەدانی تووندوتیژی.

"ئەمە شتێکە خواش پێی خۆشە یانی تۆزەک بە دینیشەوە ئەیبەستمەوە. ئەو بەهایانە لەماڵەوەش جێبەجێ دەکەن من پێم گۆتن ئەنگۆ لەمالەوەش یارمەتی دایکو باوکتان ئەدەن ییکسەر منداڵەک دەستی بڵندکرد گۆتی مامۆستا ئەمن لەماڵێ یارمەتی دایکم ئەدەم خۆشم دەستەکانم ئەشۆم." هەروەها دەڵێت: "بابەت ئەزانی بابەت هەیە پەیوەندی بە دینەوە هەبیتن ئا. ئێستا مەسەلەن لە نان خواردن و شتی وا کە ئەڵێی قسە نەکەن لەسەر نان خواردن و ئەوانە کە هەم مەسەلەکە ناشرینە هەم خواردن بەفیڕۆ نەدەن کە لە دینیشەوە ڕێی پێ نەدراوە." لێتوێژراوی سێیەم (٢٢ گوڵان، ٢٠٢٤)

باس لەوەدەکات کە ئەو بەها ئەخلاقیانەی لە دین جەختیان لێکراوەتەوە بەکاریان دەهێنێت لە پەروەردەکردنی منداڵان وەک بەفیڕۆنەدانی خواردن، ڕێزگرتنی دایک و باوک. ئەم تێکەڵکردنەی دین بە پەروەردەی منداڵان دەکرێ لە کۆمەڵگای ئێمە سوود بەخش بێت.

٥. بەشی پێنجەم: دەرئەنجام و پێشنیار

١.٥ دەرئەنجام

باخچەی منداڵان بێکەم وێستگەیە لە گەشتی خوێندنی فەرمی منداڵان. بەگشتی منداڵانی دەوری تەمەنی پێنج ساڵان دەگرێتەوە. منداڵان ئاشنادەبن بە ژینگەیێکی پەروەردەیی کە بەلایانەوە سەرنجڕاکێش و خۆشە. لە ڕێگەی فێربون لەسەربنەمای یاریکردن، گۆرانی وتن، هونەر، و یاریە هزریەکان منداڵانی باخچە پەرە بە توانا کۆمەڵایەتیە بنەڕەتیەکانی وەک هاوبەشکردن، هاوکاری، هاوسۆزی و لێک تێگەیشتن دەدەن. هەروەها ئاشنادەبن بە بنەما سەرەتاییەکانی بیرکاری، خوێندنەوە و نوسین ئەمەش ئامادەیان دەکات بۆ قۆناغەکانی داهاتوی ژیانیان.

باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی چارەنوسساز دەگێڕێت لە دارشتنی بناغەی ئەخلاقی منداڵان. لە ڕێی چیرۆک و پراکتیزەکان وەک یاریکردنی بەکۆمەڵ، وەرزشەکان و یاریە هزریەکان...هتد زیاتر بەها ئەخلاقییەکان دە چەسپێنن. چیرۆکە گونجاوەکان کە هۆکار و کاریگەری ڕوونیان هەیە، دەتوانن چەمکەکانی وەک ڕاستگۆیی، بەرپرسیاریێتی بناسێنن. منداڵان بە گفتوگۆکردن سەبارەت بە کردارەکانی کارەکتەرەکانەوە، فێردەبن هەڵبژاردنی ئەرێنی و نەرێنی بناسن. هەروەها پراکتیزەکانی ڕۆژانەی وەک پاککردنەوە دوای کاتی یاریکردن یان نۆرەگرتن بۆ یاریەکان چەمکی وەرگرتنی بەرپرسیاریێتی لە کردارەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە فەزای کەسانی دیکە بەهێزتر دەکەن.

یاساکانی باخچەی منداڵان سادەن، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دارشتنی ئەخلاقی، چوارچێوەیەک بۆ ڕەفتاری گونجاو دادەنێن. یاسایەکی وەک "دەست هەڵبڕە ئینجا قسەبکە" هانی منداڵان دەدات کە ڕێز لە مافی کەسانیدیکە بگرن بەو پێیەی هاوڕێکەشت وەک تۆ مافی قسەکردنی هەیە، ئەمەش هاوسۆزی و ڕێزگرتن بونیاد دەنێ. پەیڕەوکردنی یاساکان منداڵان فێری خۆکۆنترۆڵکردن و گرنگی ژیان لە چوارچێوەی نەزمێکی کۆمەڵایەتیدا دەکات. بەڵام نیگەرانییێک لە یاساکاندا هەیە، لەوانەیە منداڵێک لەترسی سزاکان یاساییێک پەیڕەوبکات نەک لەبەرئەوەی لە گرنگی ڕێزگرتنی کەسانیتر تێدەگات. بۆیە گرنگە مامۆستایان مانای پشتەوەی یاساکان بە ڕێگا جۆراوجۆرەکان ڕوون بکەنەوە.

ئایین بەلای دۆرکایمەوە فاکتێکی کۆمەڵایەتیە کە وەکو یەکانگیر و چەسپێک کاردەکات. تاکەکان بەیێکەوە دەبەستێتەوە و هاوسۆزی بنیاتدەنێ. هەندێک لە بنەما ئایینیەکان کە بۆ چاکەی کۆمەڵگا گرینگن وەک ڕاستگۆیی، دادپەروەری، هاوسۆزی، خۆشویستن و ڕێزگرتن. ئەمانە یێکانگیری و نەزمی کۆمەڵایەتی دەپارێزن. دەکرێت ئەم بنەمایانە لەڕێگەی پەروەردەی باخچەوە فێری منداڵانی بچوک بکرێن. لەپێناو ئەوەی تاکێکی تەژیکراو لە بەهای ئەخلاقی بهێنرێتە بوون.

لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە جەخت لەسەر ئەو ڕۆڵە گرنگە دەکاتەوە کە باخچەی منداڵان دەیگێڕن لە دارشتنی ئەخلاقی منداڵاندا. لە ڕێگەی یاریکردن، چیرۆک، پراکتیز و یاسا باش پێناسەکراوەکان. باخچەی منداڵان زەمینەیەکی لەبار بۆ منداڵان دابین دەکات بۆ ئەوەی بەها هاوبەشەکان ناوەکی بکەن، ئەمەش بنەمایەک بۆ ڕەفتاری ئەخلاقی بە درێژایی ژیانیان دابین دەکات. بە تێگەیشتن لە ڕوانگەی تیۆریستەکانی پەروەردەیی وەک دۆرکایم و فرۆبێل دەتوانین ژینگەییک بۆ باخچەی منداڵان دروست بکەین کە بە شێوەیەکی کاریگەر منداڵان پەروەردە بکات و ئامادەیان بکات بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی بەرپرسیار و خەمخۆری کۆمەڵگا.

٢.٥ پێشنیار و ڕاسپاردەکان:

- پێشنیار دەکەم حوکمەت و لایانە پەیوەندیدارەکان زیاتر گرنگی بە باخچەی منداڵان بدەن، زیاتر چاودێری بخەنە سەر. بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە منداڵان و نەوەی داهاتوو لە بارودۆخێکی گونجا و تەندروستدان. هەروەها پەروەردەییکی گونجاویان هەیە، کە شیاوبێت بۆ کۆمەڵگای ئێمە. دەکرێت پەروەردەی باخچە بەپێی پلان و بەرنامەییکی داڕێژراو بڕوات بەڕێوە کە ئەنجامەکان و لێکەوتەکانی داهاتویی لەڕێی زانستی و تیۆریەوە بپێورێن. ژینگەییکی وا سازبکرێت کە کێشەکانی کۆمەڵگای ئێمە چارەسەربکات و خاڵە باشەکانیشی بەرەوپێش ببات.

- چاوەڕوانیم بۆ مامۆستایانی باخچەی منداڵان ئەوەیە کە گرینگی ڕۆڵی خۆیان لە پەروەردەکردنی منداڵان بەکەم نەزانن. بەهەمان گرنگیشەوە کار لەسەر هزر و کارلێکی نێوان منداڵان بکەن. بەشێوەییک کاریگەری هەوڵەکانی خۆیان لەسەر دروستکردنی کەسایەتی منداڵان بەهەند وەربگرن. وەک کێڵگەییکی پەروەردەکردنی نەمام لە باخچە بڕوانن، کاریگەریان بەسەر منداڵانەوە ئەرێنی بێت و بەئاڕاستەی چاکسازیکردن بێت. بەو ئومێدەی نەوەییکی تەندروست و پڕاوپڕ لە بەها ئەخلاقیە بەرزەکان بهێننە بوون، کە لە قۆناغەکانی تری ژیانکردن بەرهەمەکانیان ببینینەوە.

- پێشنیار دەکەم زیاتر گرنگی بەم بابەتە بدرێت و توێژینەوەی زیاتر دەربارەی ڕۆڵی باخچەی منداڵان بکرێت. چونکە باخچەی منداڵان وەک یەکەم وێستگەی دەستپێکردنی پەروەردەی فەرمی بۆ منداڵان، گرنگییێکی زۆری هەیە. لەوێوە بنەماکانی بوون بە کەسایەتییەکی تەژیکراو لە بەها ئەخلاقیەکان، مرۆڤێکی سودبەخش و خەمخۆری کۆمەڵگا دادەنرێن.

سەرچاوەکان

Aimen, 2023. *superprof.* [Online]
Available at: https://www.superprof.com/blog/moral-value-importance-students/
[Accessed 6 apr 2024].

Alderson, P., 2014. Understanding research with children and young people. In: R. F. M. H. M. R. A Clark, ed. *Ethics.* Londonm: Londonm, pp. 85-102.

Aljathlan, L. A., 2023. The Best Practices. *(FOED)Al-Azhar University,* 563-606(Teaching Children Moral Values from the Viewpoints of the Kindergarten Teachers and Parents), p. 42(197).

Amy Morin, L., 2023. *verywell mind.* [Online]
Available at: https://www.verywellmind.com/what-is-morality-5076160#:~:text=Morality%20refers%20to%20the%20set,term%20interests%20to%20benefit%20society.
[Accessed 29 march 2024].

Anon., 2013. *edglossary.* [Online]
Available at: https://www.edglossary.org/education-system/
[Accessed 7 apr 2024].

Anon., 2021. *early-education.org.uk.* [Online]
Available at: https://early-education.org.uk/friedrich-froebel/
[Accessed 27 MARCH 2024].

Anon., 2022. *The Pinspired Teacher.* [Online]
Available at: https://thepinspiredteacher.com/2022/08/15/kindergarten-classroom-rules/
[Accessed 4 May 2024].

Anwar, E., 2021. *www.zaniary.com.* [Online]
Available at: https://zaniary.com/blog/61c072d9eb791/%D8%A8%D8%A7%D8%AE%DA%86%DB%95%DB%8C-%D9%85%D9%86%D8%AF%D8%A7%DA%B5%D8%A7%D9%86
[Accessed 27 march 2024].

Archeer, M., 2013. *ResearchGate.* [Online]
Available at: https://www.researchgate.net/publication/289787989_Social_origins_of_educational_systems
[Accessed 7 apr 2024].

Bhandari, p., 2020. *Scribbr.* [Online]
Available at: https://www.scribbr.com/methodology/qualitative-research/
[Accessed 25 Apr 2024].

Carls, P., 2020. *Internet Encyclopedia of Pyilosophy.* [Online]
Available at: https://iep.utm.edu/emile-durkheim/
[Accessed 29 march 2024].

Caulfield, J., 2023. *Scribbr.* [Online]
Available at: https://www.scribbr.com/methodology/thematic-analysis/#:~:text=Thematic%20analysis%20is%20a%20method,meaning%20that%20come%20up%20repeatedly.
[Accessed 25 Apr 2024].

Cleave, P., 2023. *Smart Survey.* [Online]
Available at: https://www.smartsurvey.co.uk/blog/structured-or-semi-structured-questionnaire
[Accessed 25 Apr 2024].

Cohen, D. Z., 2021. *The Core Collaborative.* [Online]
Available at: https://thecorecollaborative.com/what-is-collective-effervescence/#:~:text=Collective%20effervescence%20is%20the%20feeling,returns%20for%20an%20encore%20performance.
[Accessed 29 march 2024].

Durkheim, E., 1925. Durkheims Methodology and the Sociology of Moral Education. In: E. K. WILSON, ed. *Moral Education.* NewYork: The Free Press, New York, pp. xvi-xex.

Durkheim, E., 1982. Social fact. In: L. regles, ed. *The Rules of Sociological Method.* NEW YORK: s.n., pp. (51-57).

Ebrahim, P., 2023. *Kurdistany nwe.* [Online]
Available at: https://knwe.org/KU/Details/6590
[Accessed 27 march 2024].

Fatah, D. E., 2021. *www.metroo.org.* [Online]
Available at: https://www.metroo.org/drejaWtar.aspx?NusarID=3890&Jmare=4437
[Accessed 23 march 2024].

Fleetwood, D., 2024. *QuestionPro.* [Online]
Available at: https://www.questionpro.com/blog/non-probability-sampling/
[Accessed 14 May 2024].

Ghazipuri, T. S., 2023. *INDIA Tomorrow.* [Online]
Available at: https://indiatomorrow.net/2023/09/06/how-to-inculcate-moral-values-among-children-youths/
[Accessed 19 Apr 2024].

GISBERT, P., 2015. *JSTOR.* [Online]
Available at: https://www.jstor.org/stable/40454241
[Accessed 29 march 2024].

Loggins, B., 2023. *Verywell mind.* [Online]
Available at: https://www.verywellmind.com/morality-vs-ethics-what-s-the-difference-5195271
[Accessed 29 march 2024].

Luo, A., 2023. *Scribbr.* [Online]
Available at: https://www.scribbr.com/methodology/content-analysis/
[Accessed 20 Apr 2024].

Micheletti, G., 2010. *INQUIRIES.* [Online]
Available at: http://www.inquiriesjournal.com/articles/171/re-envisioning-paulo-freires-banking-concept-of-education
[Accessed 15 May 2024].

Nguyen, T. L., 2019. *Medium.* [Online]
Available at: https://medium.com/age-of-awareness/a-brief-analysis-of-freires-dialogue-term-81cb12fd9d71
[Accessed 14 May 2024].

Resnik, D. B., 2020. *National Institute of Enviromental Health Sciences.* [Online]
Available at: https://www.niehs.nih.gov/research/resources/bioethics/whatis
[Accessed 14 May 2024].

Tikkanen, A., 2015. *Britannica.* [Online]
Available at: https://www.britannica.com/topic/kindergarten
[Accessed 26 march 2024].

پاشکۆکان:
پاشکۆی یەکەم

فورمی ڕەزامەندی بەشداربوو

ناونیشانی توێژینەوە: **ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقیەکان: باخچەی منداڵانی سۆران بە نمونە**

تکایە وەلامی ئەم بڕگانەی خوارەوە بدەرەوە بە بەڵێ یاخود نەخێر.

ژ	بڕگە	بەڵێ	نەخێر
1	من هەموو پەڕەی زانیاریەکانم خوێندۆتەوە، پرسی توێژینەوەکەم بۆ ڕوون کراوەتەوە.		
2	پرسیارەکانم لەبارەی توێژینەوەکە وەلامدراونەتەوە بۆ ڕەزامەندبوونم، تێگەیشتم کە دەتوانم پرسیاری زیاتریش بکەم لە هەرکاتێک گەر پێویست بوو.		
3	من تێگەیشتووم لەوەی کە ئازادم بۆ ئەوەی بکشێمەوە لەو توێژینەوەیە لەو ماوەیەی کە دیاریکراوە لە ڕێبەری چاوپێکەوتن و پەڕەی زانیاریەکان.		
4	من ڕەزامەندم بۆ پێدانی زانیاری بە توێژەر لە ژێر ڕۆشنای ئەو مەرجانای کە لە پەڕەی زانیاریەکان خراونەتە ڕوو.		
5	من دەمەوێ بەشداری بکەم لەم توێژینەوەیە لەژێر ڕۆشنایی ئەو مەرجانەی کە لە پەڕەی زانیاریەکان خراونەتەڕوو.		
6	من ڕەزامەندم بە پێدانی ئەو زانیاریانەی کە کۆدەکرێنەوە بۆ ئامانجەکانی توێژینەوەکە، بەبێ ئاماژەدان بە ناوەکەم وەک بەشداربوو(واتە من ناناسرێمەوە).		

واژوی بەشداربوو: ..... بەروار:

ناوی بەشداربوو:..... ژ. مۆبایل:

ناونیشان: ..... سۆران

ناوی توێژەر: ..... عوسمان فرحان سمایل..... ژ. مۆبایل:

واژوی توێژەر:

ناونیشان: ... سۆران....

پەڕەی زانیارییەکانی بەشداربوو

1. ناونیشانی تۆژینەوە: ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقیەکان: باخچەی منداڵانی سۆران بە نمونە.....
2. دەستکردن بە ڕونکردنەوە [تکایە دەتوانی بەشداربی و ببی بە بەشێک لەو تۆژینەوەیە.....].
3. بۆچی تۆ داوات لێم کرد بۆ ئەوەی ببم بە بەشێک لەم تۆژینەوەیە؟
4. من پێویستە چ بکەم؟ [بۆ نموونە: ئاخاوتن لەبارەی ئەزموونەکان].
5. لە کوێ ئەم چاوپێکەوتنە ئەنجام ئەدرێت؟
6. بۆ ئەم چاوپێکەوتنە من ئەبێ چەند کاتم هەبێ ، و چاوپێکەوتنەکە چەند کاتی تێدەچێ؟
7. بۆ تاوتوێکردنی بەشداریکردنەکەم کەی من دەرفەتم دەبێ؟ [وتوێژکردن].
8. کێ بەرپرسیار دەبێت بۆ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم چاوپێکەوتنە دەخرێنە ڕوو کاتێک کە تۆژینەوەکە تەواو دەبێت؟
9. کێ دەستی دەگات بەم زانیاریانە؟
10. زانیاریەکان چیان بەسەردێت کاتێک ئەم تۆژینەوەیە تەواو دەبێت؟ [ئایا زانیاریەکان بەناو خەلکدا بلاودەبنەوە یاخود بۆ هیچ تۆژینەوەیەکی تر بەکاردەهێنرێن؟]
11. ئایا تۆ ئەو زانیاریانەی کە دەستیان ئەخەی چۆن بەکاریان دێنی؟ [ڕاپۆرت، بلاوکردنەوە، پێشکەشکرن].
12. ئایا هیچ کەسێک دەتوانێ کە چ تۆمارکراوە و باکارهێنراوە لە تۆژینەوەکە بیبەستێتەوە بە منەوە؟ [وتوێژکردن لەبارەی قایلکردن، دانانی سیستەمێکی کۆدی بۆ پاراستنی ناسنامەی بەشداربوو].
13. چۆن دەتوانم دەستم بگات بە دەرەنجامەکانی تۆژەنەوەکە؟
14. چی دەبێت ئەگەر نەمویست بەشداربم؟ [بەشداربوو بە تەواوی خۆبەخشە].
15. چی دەبێت یان ڕوودەدات ئەگەر بڕیاری خۆم گۆڕی لە بەشدارینەکردنم لە تۆژەنەوەکەدا؟ [ئازادە بۆ کشانەوە بە پێی ئەو کاتەی کە دانراوە].
16. ئایا تۆ هیچ پرسیارێکیترت هەیە؟
17. زانیاری لەبارەی پەیوەندیکردن بە کێ و لەکاتی دەرکەوتنی هەر تەنگەژە یان مەترسیەکی کاریگەر لەسەر بەشداربوو لە دوای تۆژینەوەکە.

ڕێبەری چاوپێکەوتن

من ناوم (عوسمان فرحان سمایل، قوتابیم لە بەشی کۆمەڵناسی\ فاکەلتی ئاداب\ زانکۆی سۆران.) وەک بەشێک لە توێژینەوەکەم، چەند چاوپێکەوتنێک ئەنجام دەدەم لە پێناو توێژینەوەکردنی ئەم بابەتەی خوارەوە...

ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقیەکان: باخچەی منداڵانی سۆران بە نمونە .....، ڕەزامەندبوونت بۆ بەشداریکردن لەم چاوپێکەوتنە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە مایەی سوپاس و پێزانینە، بە ڕەزامەند بوونت چەند پرسیارێکت ئاراستە ئەکرێت بۆ تێگەیشتن لە ڕوانین و گۆشەنیگاو بیرۆوراکانت لەبارەی بابەتی لێتوێژراو بۆماوەی ١٣ بۆ ١٥ خولەک چاوپێکەوتنەکە تۆماردەکرێت لە پێناو نوسینەوەی وتەکانت بۆ شیکردنەوەی داتاکان. هەر کە پەڕەی زانیاریەکانت خوێندەوە، دەتوانی هەر پرسیارێک لە توێژەر بکەیت کە دەکرێ هەتبێ لە بارەی توێژینەوەکە و تۆ هێشتا ئازادی بۆ ئەوەی بکشێیتەوە ئەگەر ناتەوێ بەشداربیت یاخود وەلامی هەر پرسیارێک نەدەیتەوە کە ناتەوە بۆچونی خۆتی لەبارەوە بخەیتە ڕوو، بۆ ئەم مەبەستە تۆ ئازادی بۆ ئەوەی زانیاریەکانت بکشێنیتەوە لەماوەی (٥) ڕۆژدا دوای چاوپێکەوتنەکە.لە کۆتاییدا، دووبارە سوپاس بۆ بەشداریکردنت، و هەموو زانیاریەکان کە تۆ ئەیان خەیتە ڕوو بەبێ ئاماژەدان بە ناسنامەکەت مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و بەکاردەهێنرێن لە توێژینەوەکە و پاریزراو دەبن.

توێژەر:..... عوسمان فرحان سمایل.....

ناونیشانی توێژینەوە: ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقییەکان: باخچەی منداڵانی سۆران بە نمونە.....

خستنەڕووی پرسیارەکان بە پێی جۆری چاوپێکەوتنەکە (میـتۆدی- نیمچە ڕێکخراو)

١- پەروەردەی باخچەی منداڵان چۆن بەژدارە لە گەشەکردنی بەها ئەخلاقیەکان لە منداڵانی بچوکدا؟

٢- مامۆستایانی باخچەی منداڵان چۆن بەها ئەخلاقیەکان فێری منداڵانی بچوک دەکەن؟

پاشکۆی دووەم

ناساندنێک بۆ لێتوێژراوان:

لەم توێژینەوەیدا سێ مامۆستا وەک نمونەی توێژینەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە کە ماوەی چاوپێکەوتنەکە ١٥ خولەک بووە.

- لێتوێژراوی یەکەم مامۆستا و توێژەر لە باخچەی منداڵان ئەزموونی وانەوتنەوەی هەبوو، دەرچوی بەشی دەرونزانی بووە.
- لێتوێژراوی دووەم مامۆستا لە باخچەی منداڵان ئەزمونی وانە وتنەوەی هەبوو، کاتێکی زۆری بۆ یاریکردنی منداڵان تەرخانکردبوو گرنگی بە پەیوەندی نێوان منداڵان دەدا.
- لێتوێژراوی سێیەم مامۆستایێکی تر ئەزمونی وانە وتنەوەی هەبوو لە باخچەی منداڵان، توانای گفتوگۆکردنی زۆر باش بوو، جەختێکی بەهێزی لەسەر فێرکردنی منداڵان بە ڕێزگرتن دەکردەوە.

پاشکۆی سێیەم

نمونەی بێکێک لە چاوپێکەوتنەکان:

توێژە: بەڵێ من قوتابی زانکۆی سۆرانم بەشی کۆمەڵناسی ئێواران دەمەوێ چاوپێکەوتنێک بکەین دەربارەی بابەتی توێژینەوەی خۆم کە، ڕۆڵی باخچەی منداڵان لە فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقیەکان چیە. هەڵبەتە میوانەکەم مامۆستایێکی باخچەی منداڵانە. من ئەمەوێ سەرەتا بەو پرسیارە دەسپێبکەم بەڕای ئێوە باخچەی منداڵان چۆن کاریگەری لەسەر فێرکردنی منداڵان بە بەها ئەخلاقیەکان دادەنێ یانی تێڕوانینی ئێوە بۆ باخچەی منداڵان چۆنە کە منداڵان فێری بەهای ئەخلاقی بکا؟ چ شتێکی گرینگ لە باخچەی منداڵاندا ئەبینن سەبارەت بە ئەخلاق؟

لێ توێژراو: زۆر بەخێر بێن من مامۆستا لە بەشی دەرونزانیم خۆشحاڵم کە لێرەن. سەبارەت بە پرسیارەکەت منداڵ پەڕەیێکی سپیە دەتوانی هەموو شتەکانی لەناخیدا بچێنی بەها ئەخلاقیەکان، بەها کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو ڕوویێکەوە. منداڵ بە تەنیا فێرنابێتن دەبێت لەڕووی کۆمەڵەوە فێربێت، مامۆستا یێکەم پەروەردەی فێرکردنی قوتابیە کە هەموو بەهایێک لەڕوی ئەخلاقیەوە بچێنیتن.

توێژەر: فێرکردنی بەها ئەخلاقیەکان ڕاستەوخۆ لەڕێگەی وانەکانەوە بە قوتابیانی ئەڵێی یاخود بەشێوەی کارلێک لەنێوان قوتابیان و کردارەکی و تێکەڵکردن؟

لێتوێژراو: بەشێوازی کردار ئەمە کە تەلەبەی فێردەکەین هەموو شتەکی بە کردار فێرئەکەین سەرەتاکەی بەکردار شتەکەیان لەلا ڕوون بوو ئەوانیش ئەتوانن لە داهاتودا شتەکان بەکردار بکەن. نەوەک ئەوەی بە قسەکردن هەموو شتەک هەتا سبەی بە منداڵی بڵێی بۆ نمونە بڵێی ماست ڕەشە ئەو هەر ئەڵێ ڕەشە کە بەکردار پیشانتدا دەبینیت ماست سپیە ئەو ئەتوانی لەپێش چاوی ڕوون ئەبیتن کە بە کردار شتەکەت پیشاندا ئەوجا منداڵیش ئەزانی ئەوشتەی لەلا ڕوون دەبیت هیچ بەژیان لەمێشکی دەرناچیتن بەڕایمن.

توێژەر: گرنگی ئەو کردارانە مانای پشتەوەی ئەو کردارانە فێری قوتابیان ئەکەن؟ بۆ نمونە تۆ ئەڵێی ڕێز لە دایک بگرە ئەو منداڵە بۆ چی ڕێز لە دایک بگرێ؟ بۆچی گرنگە ئەوە ؟

لێتوێژراو: بەڵێ مەسەلەن ئەمە قوتابی خۆین ئەوها فێرکردیە کە، بوونە دایک تاکە، خۆشەویستی دایکی تاکە، ئەوەنیە ئێمە خوانەخواستە هیچ بێڕێزیەک بەرامبەر منداڵی بکەین. لە ڕێگەی شانۆوە منداڵمان فێری ئەوەی کردوە کە ڕێز لە دایکی بگریتن، دایک چۆنە و چۆن نییە. ئەمە پیشانماندا یێکەمجار کە ئەمن چومە ژووڕێ گۆتم ئایە ئەمن دایکی ئێوەم؟ گوتیان نا ئەتوو مامۆستای ئێمەی.

ئەوهامان پێگۆتن سەرتای دواتر پێمگۆتن کامە دایکتانە هەرییکەو ناوی دایکی خۆی هینا کە، ناوی دایکی خۆیان هینا پێم گۆتن دایک تاکە ئەتوانی ڕێزی لێبگری وە ڕێز لە کۆمەڵگاش بگری بەس کە ڕێزی داکت گرت ئەوجا ئەتوانی ڕێزی دەوروبەری هەموو بگری.

توێژەر: دەتوانی باسی ڕێگەی تایبەت بکەی لە مەنهەجەکەتدا چۆن تۆ وەکو مامۆستاییک لە مەنهەجەکەتدا یان چالاکیەکانی پۆلەکەتدا لێرە هەندێک گرنگیت پێدا گوتت لەڕێگەی شانۆو ئەوانە ئەو چالاکیانە لە چاندنی بەها ئەخلاقیەکان چۆن دەبینی؟ یان ئەگەر چالاکییکی تر باس بکەی، چەند گرنگی بەوە دەدەی قوتابیان ڕێز لەییکتری بگرن لەڕێگەی یاریکردن و گۆرانی وتن و چالاکیەکانی تر لەو باخچەی منداڵانە ئەکرێت بەتایبەت یاریکردن، من زۆر تەئکیدی لەسەر ئەکەمەوە ئەو چالاکیانە کە وادەکەن قوتابیان ڕێز لەییکتری بگرن؟

لێتوێژراو: بەڵێ ئێستا بۆنمونە ئێمە منداڵمان کو لێڕاهینایە زۆربەی جار منداڵ بە گروپات یاری بکات. هەم لەڕوی دەرس خیندنەوە هەم لەڕوی یاریکردنەوە ئێمە بەشێوازی کۆمەڵ کردیتمانە گروپ ئەوجا گروپەکانیش ئەوە نیە، ییک گروپ دوو گروپ هەبی دوو سێ گروپمان دروست کردیە هەرجارەو گروپەکانیش تێکەڵ دەکەین لۆئەوەی هەموو منداڵەکان شارەزایی ییکتر وەربگرن شارەزای تەبیعەتی ییکتری ببن. کە منداڵ شارەزای ییکتری بوو دەتوانی تەبیعاتەکانی ییکتری بناسیتەوە دەتوانی یارمەتی ییکتری بدەن، پێکەوە یاری بکەن، ڕێزی ییکتری بگریتن، بۆنمونە لەڕوی جوندان و هاندانی شەڕکردنیان هەبیتن نا. ئێمە وامان فێرکردینە ڕێزو خۆشەویستیان هەبیت بەشێوازی کۆمەڵ کاربکەن.

توێژەر: شتێکی دیکە ویستم ئاماژەی پێبدەی یاساکان چۆنن؟ ئێوە چ یاساییکتان داناوە کە پمنداڵان فێری بەها ئەخلاقیەکان بکات؟ یان ڕونکردنەوەتان بۆ مانای پشت یاساکان کردوە بۆ منداڵان؟

لێتوێژراو: بەڵێ بۆنمونە منداڵ هەبوە لێرانە فێرە یاسا بوە. ئێستا یاسامان هەیە منداڵ بۆی نیە نزیکی ژووری بەڕێوەبەر ببێ. چۆن مامۆستایان ژوری تایبەت بەخۆیان هەیە، منداڵەکانیش ژوری خۆیان هەیە. وەکو ژوری گەمەکردن ئەوها هەمویان دیاریکراون مەسەلەن منداڵ کاتی دەرسی هەیە، و کاتی یاریکردنی هەیە، کاتی خواردنی هەیە. منداڵمان فێرکردیە کە بە پێی یاساکان بڕوا، نەوەکو مەسەلەن منداڵ بە ویستیخۆی بچیتن یاری بکا، بەویستی خۆی نان بخوا.

توێژەر: بەڵام لێرە لەوانەیە منداڵێک لەترسی ئەوەی کە یاسا نەشکێنێ ئەوشتە بکات. ئێوە چ گرنگیەکتان بەوەی دایە کە منداڵ بۆچی ئەو یاسایە پەیڕەوبکا یان لەترسان یاساکەی پەیڕەوبکات؟

لێتوێژراو: نانا ئەوەنیە لەترسان بێت، یان لێمان دابیتن ها ئێستا ڕێزگرتنی میوان ئەوە نمونەکی وازح بوو قوتابی هات بۆ ئێرە وتمان میوانمان هەیە ئێرە ژوری میوانە ئەتو کاتی خیندنیتت یێکسەر منداڵەکە ڕۆشت. ئەمەش بەها ئەخلاقیەکەیە کە ڕێزی لە میوانی گرت.

تووێژەر:ئێوە وای دەبینن کە مانای پشت ئەو یاسایە ئەوەیە کە منداڵ ڕێز لە مافی دەوروبەر بگریت کە ئەوە بنەماییکی ئەخلاقی گرنگە بەڵێ.

ئەگەر نمونەییکی ئەرێنیش باس بکەی کە بینیوتە لە ماوەی ئەزمونی خۆتدا نمونەییکی زەق کە منداڵێک بەهۆی کاریگەری ڕەفتارێکی ئێوە، یان بەهۆی کاریگەری کرداریک لەڕێگای یاریکردنەوە بێت یان هەرشتێک کە تۆ فێری منداڵەکەت کردوە بەهاییکی ئەخلاقی بەرز بێت؟

لێ تووێژراو: دوسێ حەفتە پێش ئێستا باسی ئەوەمانکرد کاریگەری بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵی کە، ئەوە شتێکی خراپە بۆ منداڵ زیانی پێ دەگەیێنێ. ئەمە منداڵمان ئەوها تێگەیاندیە کە ئەوە شتێکی خراپە، لە جیاتی ئەمە یاریکردن و کات بەسەربردن لەگەڵ منداڵانیتر ئیتیفاق بکاتن بۆ منداڵ سودبەخشترە هەم لەڕوی تەندروستیشەوە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەلایەتیەکان زیانی هەیە.

بۆ ئەمەش ئیتیفاقمان لەگە ماڵی منداڵەکان هەبوە وتویانە سەت لە سەت منداڵەکانمان موبایلێ بەکار ناهێنن.

تووێژەر: دەسخۆش. تۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخانە دەکەی کە منداڵێک پاشخانێکی ئەخڵاقی یا بیروباوەڕێکی جیاوازی هەیە، ئەبینین ئەو منداڵە چۆن ئەڵێی کردەییکی جیاواز ئەکا، یان بیروڕاییکی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانی دیکە؟

لێ تووێژراو: بەڵێ، ئێمە منداڵمان فێرکردوە کە جوندان شتێکی ناشرینە. لە بەهای منداڵی کەم ئەکاتەوە. بۆ نمونە دوو سێ ڕۆژ پێش ئێستا منداڵەک هات گوتی مامۆستا ئەمن لەکۆڵانێ گەمەم ئەکرد گوتی یێکسەر منداڵەکهات قسەکی نەشرینی پێگوتم. منداڵەکە گوتی ئەمنیش پێم گوت ئەتو کو ئەوەی دەکەی شتەکی نەشرینە، مامۆستا بەمەی گوتیە لە ڕەوزەی نابی ئەو شتەی بکەی قەدەغەیە. ها مەسەلەن فێرە ئەو بەها ئەخلاقیەی بووە کە لەدەرەوەش بتوانێ ڕێزی بگریتن.

تووێژەر: شتێکی دیکە مەسەلەی یاریکردن پەیوەست بوون بە ژینگەی دەرەوە، نەک هەر لە پۆلەکانی خوێندن، لە دەرەوە منداڵان فێربین ئەو هەستانە تاقی بکەنەوە، هەموو ئەو جۆرە یاریانەی کە منداڵان ئەیکەن جا بەکۆمەڵیش. ئێوە چۆن گرنگی ئەو جۆرە یاریکردن لە دەرەوە دەبینن؟

لێ تۆژڕاو: بەڵێ، سەد لە سەد ئەوەی لە دەرێ ئەکرێتن ناتوانرێ لە ناوەوە بکرێتن. ها مەسەلەن هەم ژینگەکە فەرقە، هەم بارودۆخی منداڵی فەرقە، هەم لەڕوی تەندروستیەوە بدرێتە بەرخۆری کاریگەری دەبی لەسەر تەلەبەی. ئەمن بەخۆ ئەو ماوەی کە بەهار هاتوە زۆربەی جار هەرچی یاریە کە ئەکرێتن لەدەرەوە بە تەڵەبەی ئەکەین. ئەو هەستەی کە لە درێ هەیتیان لە ناوەوە نیتیان.

تۆژەر: وایە، یانی هەست دەکەی حەزی منداڵان لە دەرەوە زیاترە. بۆ یاریکردن؟

لێ تۆژڕاو: بەڵێ، بزەبت هەموو ئەوانەمان کردیە، تەلەبە فکرەی ئەوێتن مەسەلەن بەکارهێنانی دەستە، چاوە، ئەو یاریە فکریانەمان پێ کردیە.

تۆژەر: دەتوانی باسی بارودۆخێکی دیاریکراو بکەیت کە، دوڕیانێکی ئەخلاقی هەبوبێ چۆن مامەڵەت لەگەڵدا کردوە؟ منداڵێک ئەبینی جار بە جار شکاتیان لەیێکتری هەیە، یان ئەبینی لەوانیە بەشەڕهاتبن، یان جنێوێک شتێکی وا کە لەگەڵ مەسەلەی ئەخلاقدا ناگونجێ تۆ چۆن مامەڵەت لەگەڵدا کردوە؟

لێ تۆژڕاو: بووە ئێمە ژووری تایبەت بەخۆمان هەیە، تەلەبە تەلەبە بانگم کردیە، شتەکانم لۆ ڕوونکردیتەوە. لای خۆم دامنیشاندوە شتەکانم پێگۆت. ئەوەنیا ها بڵێی با بترسێت، بەنەرمی مامەڵەم لەگەڵ کردیە، ئەو شتە غەلەت بووە. بەبێ ئەوەی ئەمن بچم لەگەڵی، چوە ژورێ یێکسەر داوای لێبوردنی لە هاوڕێکەی خۆی کرد، گوتی ئەمن ئیشەکی زۆر غەلەتم کردیە! نەمدەزانی ئەو شتە ئەوهایە. یانی منداڵ لەو تەمەنە ئەو فکرەی هەبیتن بچیت بەخۆی داوای لێبوردن بکات.

تۆژەر: یانی ڕونکردنەوەکەت بەو شێوازە بوە کە ڕێز لە برادەری خۆی بگری.

لێ تۆژڕاو: بەڵێ، ڕێزم لە تەلەبەکەی گرت، ئەوجا ئەو فێربوو کە ڕێز لە هاوڕێکەی بگریتن.

تۆژەر: بەڵێ، ئەمە وەکوو کۆتا پرسیار بە بۆچونی ئێوە گرنگرترین بەها ئەخلاقیەکان چین بۆ ئەوەی منداڵان فێری بین لە جیهانی ئەمڕۆدا؟

لێ تۆژڕاو: ئێستا یێکەم شت کە تەلەبە فێرم کردبیت ئەمن وەکو دەرونزانەک بەس فێرە ڕێزگرتنی خودی خۆیم کردیە ئەوجا بۆ دەوروبەری یانی خۆشویستن بۆ خۆی و دەوروبەری.

تۆژەر: ئەمە وەکو شتێکی زارەکی فێرکراوە یان ئەو گرنگیەی بینیوە؟

لێ تۆژڕاو: نا ئێستا هەموو شتەک لە ڕێگەی ڕێز و خۆشەویستیەوە دروست دەبی. بۆ نمونە ئێستا ئەو ڕێزو خۆشەویستیەی ئەمە دایتمانە تەلەبەی ئەوانیش لەمارێ بەکاری دینەوە.

تۆژەر: دەست خۆش.

پاشکۆی چوارەم

- ئەمە لینکی ڤیدیۆکەیە لە یوتوب دەربارەی فردریچ فرۆبێل و بیرۆکەی باخچەی منداڵان.

https://youtu.be/lieFOzjLHM8?si=PJxk_2SJws5Qci5Q